Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.1.6

# کاریگەری ستراتیژیەتی بۆشایی زانیارییەکان لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی

OPEN ACCESS
*Corresponding author
vtvtbyy۰۳@gmail.com
Rondk Jamal Azeez Maulud

**روندک جمال عزیز/** بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**عثمان عبدالله حمه أمین/** بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

RECEIVED:11/06/2025
ACCEPTED:15/07/2025
PUBLISHED:25/09/2025

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی "بۆشایی زانیارییەکان"ە لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانیی عەقڵی و گەشەپێدانی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی. توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا پشتیان بە دیزاینی ئەزموونیی (بە کۆنترۆڵی بەشی بۆ هەردوو گرووپی هاوتا لەگەڵ تاقیکردنەوەی پاشەکی) بەستووە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی شاری هەولێر. نموونەی (سامپڵی) توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی قوتابخانەی "ڕۆژی نوێ"ی کوڕان، کە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا و ژمارەیان (٤٣) قوتابی بوو. دابەشکارییەکە بەسەر دوو گرووپدا بوو: گرووپی ئەزموونی کە ژمارەیان (٢٢) قوتابی بوو لە پۆلی دەیەمی ویژەیی (أ) و بە ڕێگەی ستراتیژیەتی بۆشایی زانیاری وانەیان پێ گوتراوەتەوە؛ گرووپی کۆنترۆڵیش کە ژمارەیان (٢١) قوتابی بوو لە پۆلی دەیەمی (ب) و بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێ گوتراوەتەوە.

دیاریکردنی گرووپەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجام درا، ئەوەش دوای دوورخستنەوەی قوتابییە کەوتووەکان لە هەر گرووپێکدا، چونکە سروشتی توێژینەوەکە پێویستی بە دوو گرووپی هاوتا هەبوو بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ. بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەوتنەوەکە، توێژەران (١٩) پلانی وانەوتنەوەیان بۆ هەریەک لە گرووپەکان دانا و توانییان لە ماوەی (٨) هەفتەدا ئەزموونەکە جێبەجێ بکەن.

توێژەران ئامرازە ئامارییەکانی وەک (کای دووجا $X^2$ - ) و ($t-test$) یان بەکار هێناوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریانخست کە جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێریاریی نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵدا هەیە لە هەردوو گۆڕاوی (کەمکردنەوەی سەرگەردانیی عەقڵی) و (دەستکەوتی خوێندن)، کە ئەنجامەکان لە بەرژەوەندیی گرووپی ئەزموونیدا بوون.

توێژەران بۆ پێکانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پێویستیان بە دوو ئامراز هەبوو کە بریتین لە: پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانیی عەقڵی، کە لە (٣٢) بڕگە پێکدێت. تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، کە بنەماکانی دانانی پرسیارەکانی بریتی بوون لە دیاریکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بەپێی شەش ئاستەکەی "بلۆم.

**وشە سەرەکییەکان:**
ستراتیژی بۆشایی زانیاری، سەرگەردانی عەقڵی، دەستکەوتی خوێندن، قۆناغی ئامادەیی.

## پێشەکی:

سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی بە قۆناغی شۆڕشی زانیاری ناوزەند دەکرێت، بۆ ئەمەش ئەو داهێنان و گۆڕانکارییانە بواری پەروەردەشی گرتووەتەوە و دەبینرێت گرنگییەکی زۆر بە کرداری پەروەردە و فێرکردن لە دەزگا و دامەزراوە فێرکارییەکاندا دراوە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی مەبەستدار و فرەڕەهەندە (قادر، ٢٠١٨، ١٤-١٥). تیۆرییە پەروەردەییە مۆدێرنەکان جەخت لەسەر پێویستیی گرنگیدان بە ستراتیژییە نوێیەکان دەکەنەوە، ئەوانەی وادەکەن کار لەسەر بونیادنانەوەی پرۆسەی فێرکاری و گەشەپێدانی قوتابی لە بوارەکانی (هزری و لێهاتوویی) بکرێت، بە جۆرێک کەسایەتی قوتابی بگەیەنرێتە ئاستی پێگەیشتن (ماهر، ٢٠١٦، ٥٥).

یەکێک لە ستراتیژە دیارەکان لە تیۆری بونیادگەریدا سەری هەڵداوە، ستراتیژی بۆشایی زانیارییە. ئەم ستراتیژە بەشدارە لە چالاککردنی زانیاریی پێشوەختەی قوتابی، پەرەپێدانی خۆفێربوون، تواناکانی فێربوونی هاوبەش و دۆزینەوەی بیرۆکەی تازە، هەروەها دەبێتە هۆی گواستنەوەی قوتابی لە ڕۆڵێکی ناچالاکەوە بۆ ڕۆڵێکی کاریگەر و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ لێکۆڵینەوە و داهێنان (القریشي، ٢٠١٦، ١٦).

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە

فێرکردنی مێژوو بوارێکی بەپیتە بۆ گەیشتن بە (زانیاری، ڕاستی، چەمک، بەها، ڕەوت و بنەماکان)؛ ڕەنگە نوێنەرایەتی دەستکەوتی ئەکادیمی بکات کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی چالاک و کاریگەر پێویستی بە شێوازی وانەوتنەوە مۆدێرنەکان هەیە، بەڵام لە ئێستادا لە خوێندنی بابەتی مێژوو، قوتابی ڕووبەڕووی گرفت و کێشەی زۆر دەبێتەوە (السنبل، ٢٠٠٠، ٢٥)، چونکە دەبینین دۆخی ڕاستەقینەی مێژووی وانەوتنەوە هێشتا لە شێوەیەکی چەقبەستوودایە، کە لەگەڵ بنەما پەروەردەییە هاوچەرخەکان ناگونجێن (العزاوي، ٢٠١٢، ١٩).

توێژەران لە میانی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی مامۆستایی خۆیان لە پرۆسەی پەروەردە، لە هەمان کاتدا سەردانیکردنیان بۆ چەند قوتابخانەیەک و پێداچوونەوەیان بە پلان و شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو و پێداچوونەوە بە نمرەی قوتابیان، بۆیان دەرکەوت کە شێوازی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو بریتییە لە ڕێگای ئاسایی و نەریتی؛ هەر بۆیە توێژەران بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسییەک هەڵسان بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی کراوە (١٦) مامۆستای مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر تێیدا بەشدار بوون، لە دوای وەڵامدانەوەیان دەرکەوت شێوازە وانەوتنەوە نەریتییەکان بوونەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی سەرگەردانیی عەقڵی و لاوازی لە ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا. وەڵامی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە بوو کە لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (١)**

**ئەنجامی ڕاپرسی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دابەزینی ئاستی دەستکەوتی خوێندن**

| ژ. | بوار | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ | کەمی شارەزایی مامۆستایان لەڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوەی مۆدێرن. | ٪٨٠ |
| ٢ | پرۆگرامی خوێندن. | ٪٦٥ |
| ٣ | گرینگیدانی قوتابیان بە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان. | ٪٦٠ |
| ٤ | ئامرازەکانی فێرکردن. | ٪٥٠ |
| ٥ | بوونی حەز و ئارەزوو بۆ خوێندن لای قوتابیان. | ٪٣٥ |
| ٦ | ژمارەی قوتابیان لە هەر پۆلێکدا. | ٪٢٥ |
| ٧ | کێشەکانی دەرەوەی قوتابخانە و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەکانیان. | ٪١٥ |
| ٨ | کەم کات بۆ هەر وانەیەک. | ٪١٠ |

هەر بۆیە توێژەر هەوڵیدا ستراتیژیەتێکی مۆدێرن لە وانەوتنەوەدا تاقیبکاتەوە، کە بریتییە لە بۆشایی زانیارییەکان، بۆ ئەوەی بزانێت ڕادەی کاریگەریی ئەم ستراتیژەیە لەسەر دەستکەوت و کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقلی لە بابەتی مێژوو چییە.

**توێژەر کێشەی توێژینەوەکە لەڕێی ئەم پرسیارەوە دەخاتەڕوو:**

**ئایا کاریگەری ستراتیژی بۆشایی زانیارییەکان لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی چییە؟**

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

پەروەردە بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی تاکێک بتوانێت بەرپرسیارێتی بڕیاردان لە ئەستۆ بگرێت و کەسایەتییەکی یەکگرتوو بونیاد بنێت کە توانای بەشداریکردنی لە کۆمەڵگایەکدا هەبێت کە ژیانی دیموکراسی بەسەریدا زاڵ بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە بۆچونەکانی خۆی بکات و ڕاو بۆچونی ئەوانی دیکە قبوڵ بکات کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ڕەوتی پرۆسەی پەروەردە (الفتلاوي، ٢٠٠٦، ١٣). لەم سالانەی دواییدا هەوڵێکی زۆردراوە بۆ چاکسازی کردن لە بارودۆخی پەروەردە و پەرەپێدانی بەگوێرەی پێداویستییەکانی سەردەمی ئێستا، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ستراتیژییە مۆدێرنەکان لەگەیشتن بە ئامانجەکان، توێژەران بڕیاریاندا ستراتیژییەکی مۆدێرن تاقیبکاتەوە، کە بریتییە لە ستراتیژی (بۆشایی زانیارییەکان) یەکێکە لە ستراتیژییە چالاکەکانی فێربوون بیرۆکەکەی لەسەر بنەمای یەکگرتنی نێوان قوتابیان دامەزراوە (امبو سعيدي و الحوسنية، ٢٠١٦، ٤٣٦). گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی گرنگی تیۆری و پراکتیکی بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

**١. گرنگی لەڕووی تیۆری:**

- گرنگی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەوەدایە کە باس لە گۆڕاوە مۆدێرنەکان دەکات کە هاوتەریبن لەگەڵ گۆڕاوەکانی ئەو سەردەمە و ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی سەدەی بیست و یەکەم دەبنەوە.

- ئەمە یەکەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق- لە سنوری زانیاری توێژەر لەبارەی ستراتیژیەتی بۆشایی زانیاری لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لە پێشتر کاری لەسەر نەکراوە.

**٢. گرنگی لەڕووی پراکتیکی:**

- دابینکردنی چەند ستراتیژیەکی وانەوتنەوەی سەردەمیانە بۆ مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و سەرپەرشتیارانی قوتابخانەکانی دواناوەندی لە بواری فێرکردنی مێژوودا، کە یارمەتیان دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وانەکە و پەرەپێدانی شێوازی وانەوتنەوەیان.

- گرینگی ئەزموونکردن لەسەر ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە مۆدێرنەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی کاریگەرییەکانیان، لەوانە ستراتیژی بۆشایی زانیاری بۆ پشتڕاستکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی و کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

زانینی کاریگەری ستراتیژی بۆشایی زانیاری لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی و گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن لەبابەتی مێژوو لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوە**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە ئەم گریمانانەی خوارەوە داڕێژراون:

١. جیاوازییەکی ماناداری ئاماری بەرچاو نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دەیەم لە بابەتی مێژووی شارستانییەکان، لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە بە بەکارهێنانی ستراتیژی (بۆشایی زانیاری) خوێندوویانە، بە بەراورد لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی (تەقلیدی) خوێندوویانە.

٢.جیاوازی مانادارى ئامارى نییه له ئاستى (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی پۆلی دەیەم له بابەتی مێژووی شارستانییەکان، له تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی سەرگەردانی عەقڵی لای قوتابیانی گروپی ئەزمونگەری، که بەستراتیژیەتی بۆشایی زانیاری خوێندوویانە.
٣. جیاوازی مانادارى ئامارى نییه له ئاستى (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی پۆلی دەیەم له بابەتی مێژووی شارستانییەکان، له تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی سەرگەردانی عەقڵی لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو، بەڕێگەی ئاسایی (تەقلیدی) خوێندوویانە.
٤. جیاوازی مانادارى ئامارى نییه له ئاستى (٠.٠٥) له نێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی، که به ستراتیژیەتی (بۆشایی زانیاری) خوێندوویانە و ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو، بەڕێگەی ئاسایی (تەقلیدی) خوێندوویانە، له تاقیکردنەوەی پاشەکی سەرگەردانی عەقڵی لەبابەتی مێژووی شارستانیەکان.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوە:**

١. **سنووری مرۆیی:** قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی له قوتابخانەی ڕۆژی نوێی کوڕان له پەروەردەی ناوەندی هەولێر.
٢. **سنووری کات:** تاقیکردنەوەکە له وەرزی دووەم ئەنجامدراوە له ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) له ٢٦ /٢٠٢٥/١ تاوەکو ٢٠٢٥/٣/٢٦.
٣. **سنووری شوێن:** قوتابخانەی ئامادەیی (ڕۆژی نوێی) له سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی ناوەندی هەولێر.
٤. **سنووری بابەت**: توێژینەوەکە له (بەشی چوارەم و پێنجەم وشەشەم وحەوتەم ) له کتێبی مێژووی پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ قوناغی ئامادەیی له قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق که لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بڕیاری لەسەر دراوە – چاپی هەژدەهەم ساڵی (٢٠٢٣). -

**شەشەم: زارەوەکانی توێژینەوە**

١. **کاریگەری: (القرشـي،٢٠٠٤)** بڕی ئەو گۆڕانکارییانەیە که بەهۆی شێوازی وانەوتنەوە دروست دەبێت، له دەرئەنجامی فێربوونی مەعریفی قوتابیان نیشان دەدرێت و بەدەست نیشانکردنی زیادبوونی یان کەمبوونەوەی تێکڕای نمرەکانیان دەپێورێت (القرشي، ٢٠٠٤،١٧).
**پێناسەی ڕێکاریی:** ئەو گۆڕانکارییە که لەوتنەوەی وانەی مێژوو بەجێیدەهێڵێت له ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی بۆشایی زانیارییەکان لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی و گەشەپێکردنی دەسکەوتی خوێندن لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە.

٢. **ستراتیژیەتی بۆشـایی زانیاریی: ( jones، 1995)** دەڵێت: بریتییە له چالاکییەک که تێیدا قوتابیان بەجووت کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و کارکردن پێکەوە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ بواری پەروەردەیی( 8، jones، 1995).
**پێناسـەی ڕیکاریی:** یەکێکە لەو ستراتیژییە چالاکانەی فێربوون که تێیدا گروپەکان کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی زانیارییە ونبووەکان، بەجۆرێک که هەر گروپێک خاوەنی زانیارییەکی جیاوازە لەو زانیاریانەی که پێشکەش به گروپەکانی دیکە دەکرێت.

٣. **سـەرگەردانی عەقڵی: (فیل، ٢٠١٨)** سـەرگەردانی عەقڵی ئەزموونێکی بەردەوامە له ژیانی ڕۆژانەی قوتابیان کاریگەری نەرێنی هەیە که ڕێگری لەفێربوون دەکات کاریگەرییەکەی هەڵەی ئەدای کارکردن زیاد دەکات، که هەموو ئەمانە زیان بەدەرئەنجامی فێربوون دەگەیەنن لەسەر ئاستی قوتابیان و دامەزراوە پەروەردەییەکان (فیل، ٢٠١٨، ٢١).
**پێناسەی ڕیکاری:** سەرگەردانی عەقڵی بەو بیرکردنەوانە پێناسە دەکرێت، که خۆ دروست کردنن و پەیوەندییان بەئەرکەکەوە نییە و له کاتی ئەرکێک یان چالاکییەکدا ڕوودەدەن، به واتایەکی تر، سـەرگەردانی عەقڵی ڕەنگدانەوەی دۆخێکە که تێیدا کۆنترۆڵی جێبەجێکار له ئەرکێکی سەرەتاییەوە دەگۆڕێت بۆ پرۆسێسکردنی ئامانجە کەسییەکان.

**٤. دەستکەوتی خوێندن:** (علام،٢٠٠٠): دەستکەوت ئەو نمرەیە تاک بە دەستی دێنێت، یان ئاستی ئەو سەرکەوتنەیە، کە بەدەستی دەهێنێت لە بابەتێکی خوێندن یان بوارێکی فێرکاریدا (علام، ٢٠٠٠، ٣٠٥).

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لەتێکڕای ئەو نمرانەی قوتابی بەدەستی دەهینیت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پرسیارنامەی سەرگەردانی عەقڵی، کە توێژەران بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە.

## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### یەکەم: لایەنی تیۆری

ناساندنی ستراتیژی بۆشایی زانیاریی: یەکێکە لەو ستراتیژییە مۆدێرنانەی کە بۆ جێبەجێکردنی فێربوونی چالاکانە لە پۆلدا بەکاردەهێنرێت، ستراتیژییەتێکی کاریگەر و بەسوودە بۆ وانەوتنەوە، بەو پێیەی شوێن بۆ پەیوەندی ئەرێنی لەنێوان قوتابیاندا دابین دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە ونبوەکان لە هەمانکاتدا ئەم ستراتیژیە لەوانە وتنەوە پرۆسەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامە، دەتوانێت لەهەر شوێنێکدا ڕووبدات، لە ماڵەوە، لە قوتابخانە، گۆرەپانی یاریکردن، باخچە و شوێنەکانی تر لێرەوە گرنگی هەماهەنگی لەگەڵ هەموو توخمەکانی پرۆسەی پەروەردەدا هەیە، بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە سوود وەربگیرێت لە کات و لێهاتووییەکان. یەکێکە لە باشترین ڕێگەکانە بۆ یارمەتیدانی بونیادنانی مێشک و گەشەکردنی تەندروست. ئەم ستراتیژیە بۆ قوتابیانی سەرجەم ئاستەکانی خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییەوە تاکو ئاستێکی بەرزتردەگونجێت (عبدالرزاق، ٢٠٢٢، ٦٤٤).

### هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژی بۆشایی زانیاری لە پۆل:

**١. هەنگاوی یەکەم:** ئەم ستراتیژە پەیوەستە بەشاردنەوەی بەشێک لە زانیارییەکان لە گروپێکی قوتابیان و ئاشکراکردنی بۆ گروپەکەی تر، مامۆستا قوتابییەکان بەسەر گروپی جووتە دابەش دەکات.

**٢. هەنگاوی دووەم:** مامۆستا چالاکییەکە پێشکەش دەکات کە بەدوو هەنگاوی تەواوکەر جێبەجێ دەکرێت. بۆ گەیشتن بەئامانجی فێربوون کە مەرجێکی بنەڕەتییە لە هەنگاوەکاندا، لە بەرامبەریشدا هەرقوتابییەک مامەڵە لەگەڵ چالاکییەکانی دەکات و کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات (العبيدي، ٢٠١٨،٧٢٠).

**٣. هەنگاوی سێیەم:** سەبارەت بە گروپە چوار کەسییەکان هەردوو قوتابی بەشداری دەکەن لە بەدیهێنانی چالاکییەکانی خۆیان و هەمان شت بۆ هاوکارەکانیان دەگونجێت. بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجی خوازراو کە یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکان.

**٤. هەنگاوی چوارەم:** ئەو پرسیارانەی پێیان دەدرێت یەک جۆرە پرسیارە، بەڵام بۆ هەر گروپێک بەجۆرێک داڕێژراوە و بەشێک لەزانیارییەکان شاردراوەتەوە لەلایەن مامۆستا، زانیارییەکانی ناوی تەواونین و بۆشایی لە زانیارییەکان هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا مامۆستا هەموو ئەو وەڵامانەشیان پێدەدات کە لەناو پرسیارەکان نادیارن (الشمري، ٢٠١١، ٥٥).

**٥. هەنگاوی پێنجەم:** هەر قوتابییەک یان گروپێک چالاکییەکانی خۆی دەگرێتەبەر و دەست دەکات بە گەڕان بەدوای چارەسەری دروست. بۆ ئەم چالاکییە بۆ گروپی چوار کەسی، قوتابییەکان خۆیان بەسەر جووتەکاندا دابەش دەکەن و هەر جووتەیەک کار لەسەر چارەسەرکردنی چالاکییەکەی خۆی دەکات.

**٦. هەنگاوی شەشەم:** قوتابیان دوای بیرکردنەوە و ئاڵوگۆرکردنی زانیاری لەنێوان خۆیان دەبێت بتوانن وەڵامە دروستەکان بدۆزنەوە و لە شوێنی بۆشاییەکان دایان بنێن، بەبێی ئەوەی پەیوەندیان بەگروپەکەی تر هەبێت.

**٧. هەنگاوی حەوتەم:** لە کۆتاییدا ئەنجامەکان بە شێوەی زارەکی یان بە نووسراو پێشکەش دەکرێت ئامانجیش لەبەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە بۆ ئەوەیە قوتابییەکان بیربکەنەوە و پێشبینی بکەن و زانیارییەکان پشتڕاست بکەنەوە (الخفاجي، ٢٠٢٤، ٦٠٥).

### گرینگترین بنەما و پرەنسیپەکانی ستراتیژیەتی بۆشایی زانیاری بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. پەیوەندی بەردەوامی نێوان مامۆستا و قوتابی، کە ئەم پەیوەندییە چ لەناو پۆل بێت یان لەدەرەوە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان، کە دەبێتە هۆی وروژاندنی پاڵنەرەکانی قوتابی.

٢. پێشخستنی پەیوەندی زارەکی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە.
٣. پەیوەندی نێوان قوتابیان دەبێتە (هەرەوەزی و کارلێکی نێوانیان و کێبرکێی ئەرێنی) ئەمەش پشت بەفێربوون بەشێوەی گروپ دەبەستێت نەک فێربوونی تاکی (مهدي، ٢٠٢٤، ١٩١).
٤. چالاکیی بۆشایی زانیاری پێویستە تێگەیشتن لە پێشینەی فۆڕمی زمان یان فێرکاری ڕوون بێت، بە تایبەتی هەر کارلێکێک لەنێوان قوتابیاندا پێویستە ئاڵوگۆڕی زانیاری مانادار لەخۆبگرێت.
٥. بەشداریکردنی قوتابی لەدیاریکردنی ئامانجە فێرکارییەکان.
٦. هەمەجۆری لەسەرچاوەکانی فێربوون، کە هاوکار دەبن بۆ گەران و دۆزینەوەی وەڵامی دروست.
٧. دوور کەوتنەوەی مامۆستا لەبەکارهێنانی هەموو جۆرە توندوتیژیەک Brown، 2001 ، (167 ).

**ئامانجەکانی ستراتیژی بۆشایی زانیاری:**

١. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ستراتیژی بۆشایی زانیاری لەوانەوتنەوە گەشەپێکردنی دەستکەوتی خوێندن و کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵییە لەلایەن قوتابیان.
٢. پەرەپێدانی متمانە بەخۆبوون و توانای دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونی جیاواز و گەڕان بەدوای زانیاری نوێدا.
٣. گەشەپێدانی کارامەیی هاوکاری لەگەڵ کەسانی تر و کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنان و بەرزکردنەوەی پاڵنەری فێربوون (محمد و طارق، ٢٠٠٨، ٣٤).
٤. بەشداری پێکردنی قوتابیان بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر لەپرۆسەی فێربوون، کە بەچەقی ئەم پرۆسەیە دادەندرێت ڕێگەیەکە قوتابیان زیاتر تێکەڵاو دەکات لە کاتی بەریەوچوونی پرۆسەی فێربوون
٥. قوتابیان پابەند دەکات بە پەیڕەوکردنی بنەما و پرانسیپەکانی وانەکە و پێشبرکێی ئەرێنی لەنێوان گروپەکان دروست دەکات جگە لە دەرخستنی جیاوازی تاکایەتی و زیرەکی جۆراوجۆر لای قوتابی (عطية، ٢٠١٨، ٢٧٠).

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژی بۆشایی زانیاری**

١. ناساندنی سروشتی ڕێکارییەکانی ئەو ستراتیژیەتە بەقوتابیان.
٢. دیاریکردنی ئەنجامە فێرکارییە چاوەڕوانکراوەکانی هەر وانەیەک بە ڕوون و ئاشکرا.
٣. ئامادە و سازکردنی ئامرازەکان و کەرەستە و پێداویستییەکان (ابوسعيدي، الحوسنيه، ٢٠١٦ ،٤٣٧).
٤. ڕێکخستنی پۆل و سیستەمی دانیشتنی کۆمەڵەکان بەجۆرێک لەگەڵ ستراتیژیەتی وانەکە بگونجێت.
٥. ئامادەکردنی پرسیارە بۆ قوتابیان و ئاراستەکردنیان بۆ دۆزینەوەی وەڵامە گونجاوەکان، کە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە پرۆگرامی خوێندن تا ئاستێکی باش.
٦. ڕەخساندنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و فێرکاری بۆ ئەوەی بەئاسانی ئامانجە پەروەردەییەکان بەدەستبێت (محمد و محمد، ٢٠٢٣، 1347).

**ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژی بۆشایی زانیاری**

١. قوتابی ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەری دەبێت لەپرۆسەی فێربوون، کە بەچەقی ئەم پرۆسەیە دادەندرێن، بەو پێیەی ستراتیژی بۆشایی زانیاری بریتییە لە بەشداریکردنی چالاکانەی قوتابیان لە پرۆسەی فێربوونی هاوبەشدا بۆ پڕکردنەوەی زانیارییە ونبووەکان و نادیارەکان.
٢. قوتابیان بەرپرسیارێتی تایبەتیان هەیە کە بەشدارن لە فێربوونی خۆیان و لە فێربوونی هاوتەمەنەکانیان بۆیە قوتابیان بەدوای زانیاری دەگەڕێن و بەتەواوی بەشداری چالاکییەکان دەکەن، زانیارییەکان شیدەکەنەوە و پێکەوە کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان (سبع،٢٠٢٠، ٢٦).
٣. ستراتیژی بۆشایی زانیاری هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەدات، تواناکانی پەیوەندیکردن بەرز دەکاتەوە، فێربوونی هاوڕێیانە بەرەوپێش دەبات، هەموو ئەمانە بەشدارن لە ئەزموونێکی فێرکاری گشتگیرتر (Sadie Ambo، 2016 ، 436).
٤. گەشەپێدانی متمانە بەخۆبوون و توانای دەربڕینی بیروڕاو و بۆچوونی جیاواز لەلای قوتابیان دروست دەبێت.

٥. لەم ستراتیژیە قوتابیان بەشداربوویەکی چالاکن و پەیوەندی کەرێکی کاریگەرن و بیرمەندێکی ڕەخنەگرن ئەمەش وادەکات نەک تەنها کارامەیی ئەکادیمی، بەڵکو توانا کۆمەڵایەتی و سۆزداری و مەعریفییەکانیش پەرەپێی دەدەن.

٦. پابەند دەبێت بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئەم ستراتیژیە و پێشبڕکێکی ئەرێنی لەنێوان قوتابیان بەهێزدەبێت و زیرەکی جۆراوجۆر لە لای قوتابیان بەدیار دەکەوێت (الباوي و الشمري، ٢٠١٦، ١٤٨).

## چەمکی سەرگەردانی عەقڵی

سەرگەردانی عەقڵی چەمکێکی تاڕادەیەک نوێیە لە بواری دەروونناسیدا، کە چەند دەیەیەک لەمەوبەر دەرکەوت، بەڵام سەرەڕای کورتی تەمەنی کاریگەری بەرچاوی لەسەر پڕۆسەی فێرکردن و فێربوون هەبووە سەرنجی زۆرێک لە توێژەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، چونکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بێ مەبەست ڕوودەدات و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرکەوتنی تاک هەیە لەو کار و چالاکیانەی کە پراکتیزەی دەکات، سەرگەردانی عەقڵی جۆرێکە لە چالاکیی مەعریفی کە تێیدا سەرنج لە ژینگەی نزیکەوە بەرەو جیهانی بیرکردنەوە بابەتییەکان دەگوازرێتەوە (کریم، ٢٠٢١، ٥٠٣). ئەمەش وا دەکات عەقڵ سەرقاڵبێت لەو ئەرکەی ئێستا تاکێک کاری لەسەر دەکات کە دەروون کۆمەڵێک وێنەی دەروونی دروست دەکات، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەچالاکییەکەی ئێستا نییە، سەرگەردانی عەقڵی بەپێی بارودۆخەکان و گرنگییان بۆ تاک و ڕادەی سەرقاڵبوونی دەروون بەوانەوە دەگۆڕێت، وەک چۆن شارەزایان پێیان وایە پلەی سەرگەردانی بەپێی ئاسانکاری یان سەختی ئەرکەکانی سەرگەردانی دەگۆڕێت (عثمان، ٢٠٢٤، ٧).

## سودە پەروەردەییەکانی سەرگەردانی عەقڵی

١. باشترکردنی توانا مەعریفییەکان و باشترکردنی تایبەتمەندییە گونجاندنەکانی تاک.

٢. یارمەتی تاک دەدات لەسەر ڕێڕەوی ڕاست بمێنێتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان، واتە بیرکردنەوە لە بابەتێک، کە دەیەوێت چارەسەری بکات، تەنانەت ئەگەر تاک لە دۆخی پەروەردەیی دەستبەجێدا بێت.

٣. سەرگەردانی دەروونی لە کاتی ئەرکە ناسەختەکاندا پەیوەستە بە سەبر و خۆڕاگری زیاتر لە هەڵبژاردنی پاداشتی دەستبەجێ لەبری پاداشتێکی دواکەوتووی گەورەتر (عبدالحافظ، ٢٠١٦، ١٢٩).

٤. سەرگەردانی عەقڵی ڕێگە بە مێشک دەدات پەیوەندییەک لەنێوان بیرۆکەکاندا دروست بکات، ئەمەش بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەرەوپێش دەبات، یان دیدگای نوێ پەرەپێبدەن.

٥. سەرگەردانی عەقڵی دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ بەکردارکردنی هەستەکان و بیرکردنەوە لە ئەزموونە کەسییەکان، کە دەتوانێت ببێتە هۆی خۆئاگاداری زیاتر و خۆڕاگری سۆزداری.

٦. یارمەتی بونیادنانی عەقڵی کراوە دەدات بۆ ئەوەی توانای بڕیاردان و شیکردنەوە و شیتەڵکردنی ڕاستییە مێژووییەکان هەبێت (بهنساوی،٢٠٢٠، ٢٣).

## پەیوەندی نێوان سەرگەردانی عەقڵی و فێربوون:

لەڕاستیدا سەرگەردانی عەقڵی لەنێوان قوتابیان لەبەر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودایە کاتێک مێشک سەرگەردان دەبێت، سەرنجی هۆشیاری واز لە بەشداریکردنی ژینگەی دەرەکی بە شێوەیەکی مانادار دەهێنێت، سەرگەردانی عەقڵ ڕوودەدات لەگەڵ زیادبوونی ئەو ئەرکانەی پێ دەسپێردرێت، یەکێک لەو پرسیارە گرنگانەی ڕووبەڕووی توێژینەوە لەسەر سەرگەردانی دەروون دەبێتەوە ئەوەیە، کە چۆن بتواندرێت ڕێژەی سەرگەردانی لای قوتابیان کەم بکرێتەوە، چونکە بێگومان کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر دەستکەوتی فێربوونی قوتابیان (محمد، ٢٠٢٠، ٣١). پەیوەندی نێوان سەرگەردانی عەقڵی و فێربوون بەردەوامە، لەژێر کاریگەری هۆکارەکانی وەک ئاڵۆزی ئەرکەکان جیاوازی تاکەکەسی و سروشتی بیرکردنەوە سەرگەردانەکاندایە، پەروەردەکاران و قوتابیانیش دەتوانن سوودمەند بن لە تێگەیشتن لەم دووانەییە، هەوڵبدەن وابکەن کەمترین سەرگەردانی عەقڵی نەرێنی دروست ببێت لەڕێگەی جێبەجێکردنی ستراتیژیە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکانی فێربوون بەرز بکەنەوە (المشهداني، ٢٠٢٢، 8).

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشووتر**

**توێژینەوەی الصافي، (٢٠١٦):** بەناونیشانی (کاریگەری ستراتیژی بۆشایی زانیاری لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی کچ لە پۆلی پێنجەم و پاڵنەرەکانیان بەرەو زانست) ئەم توێژینەوەیە لە واست ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەری ستراتیژی بۆشایی زانیاری لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی کچ لە پۆلی پێنجەم و پاڵنەرەکانیان بەرەو زانست. ئەم توێژینەوەیە ئەزمونییە، نموونەی قوتابیانی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٥١) قوتابی کچ لە پۆلی پێنجەم، کە گروپی تاقیکاری لە (٢٦) قوتابی و گروپی کۆنترۆڵکراو لە (٢٥) قوتابی پێکهاتوون. ئامرازەکانی ئەم توێژینەوەیە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی پاڵنەری زانیارییە، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەی بە دەستیهێناوە سەرکەوتنی گروپی ئەزموونییە بەسەر گروپی کۆنترۆڵکراو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی بۆشایی زانیاری، کە دەبێتە هۆی وروژاندنی بیرکردنەوە و شارەزانییەکانی قوتابی، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی دەستکەوت.

**توێژینەوەی العبيدي، (٢٠١٨):** بەناونیشانی (کاریگەری ستراتیژی بۆشایی زانیاری لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لەنێوان قوتابیانی قوناغی حەوتەمی بنەڕەتی). ئەم توێژینەوەیە لە دیالە ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە زانینی کاریگەری ستراتیژی بۆشایی زانیاری لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان لەنێوان قوتابیانی قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی " نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٧٨) قوتابی کچ لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، ئامرازە بەکارهاتووەکانی توێژینەوە بریتییە لە تاقیکرنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی (ڕاڤن) بۆ پێوانی زیرەکی قوتابیان، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە: دەریانخست جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو هەیە لەنێوان نمرەکانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو.

**توێژینەوەی القحطاني والحارثي (٢٠٢٢):** بەناونیشانی (کاریگەری ستراتیژی فێربوونی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای پرۆژە لە کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی لەنێوان قوتابیانی کچی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی) ئەم توێژینەوەی لە سعودیە ئەنجامدراوە ئامانجی ئەم توێژینەوەی بریتییە دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژی فێربوونی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای پرۆژە لە کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی لەنێوان قوتابیانی کچی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت قوتابیانی کچی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کە ژمارەیان لە (٦٤) قوتابی ئەنجامەکان دەریدەخەن جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەنێوان گروپی تاقیکاری و کۆنترۆڵکراو هەیە. سەبارەت بەکەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی کە لەبەرژەوەندی گروپی تاقیکاری بوو بەهۆی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای پرۆژە بۆ قوتابیانی نۆیەمی بنەڕەتی.

**سەرنجی گشتی لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو:**

- توێژەران سوودیان لە چەند لایەنێک وەرگرتووە لە توێژینەوەکانی پێشوو.
- دارشتنی کێشەی توێژینەوە و ئامانجەکانی توێژینەوە.
- دارشتنی ڕێباز و دیزایینی توێژینەوەی ئێستا بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشووتر.
- هەڵبژاردنی سەرچاوەی پێویست کە پەیوەندی بە توێژینەوەی ئێستاوە هەیە.
- دیاریککردنی شێوازی ئاماری گونجاو بۆ توێژینەوەکەی ئێستا.
- دارشتنی ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی ئێستا بەسوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشووتر.

**خاڵی لێکچوونی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەکانی الصافي (٢٠١٦)، العبيدی (٢٠١٨) بە بەکارهێنانی شێوازی نیمچە ئەزموونی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەی ئێستایە، توێژەران خۆیان وانەیان بە قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە وتووە، ئەمەش پرسێکی گرنگە بۆ پاراستنی سەلامەتی توێژینەوەکە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشووە کە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لە بەرژەوەندی ستراتیژی بۆشایی زانیارییەکانە.

**خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەکانی تر، بەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا زانینی کاریگەری ستراتیژی بۆشایی زانیارییە لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی و گەشەپێدانی دەستکەوتەی خوێندن لە بابەتی مێژوو لەلای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی، کە یەکمجارە لە عێراق کار لەسەر ئەم گۆڕاوانە بکرێت بەیەکەوە.

زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو نموونەی توێژینەوەکانیان لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندن وەرگرتووە نموونەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بریتی یە لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی.

- ژمارەی نموونەی قوتابیانی توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازن ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ژمارەیان دەگاتە (٤٣) قوتابی.

**ڕێکارییەکانی توێژینەوە**

توێژەران کۆمەڵێک ڕێکاریان جێبەجێکردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و گریمانەکانی توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە:**

توێژەران بەپێی سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی ڕێبازی ئەزموونیان بەکارهێناوە.

**دووەم: دیزایینی توێژینەوەکە**

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا پشتیان بەستووە بەدیزایینی نیمچە ئەزموونی بۆ هەردوو گروپی هاوتایی لەگەڵ تاقیکردنەوەی پاشەکی، دیزاینێکە ڕێگە دەدات بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیژی بۆشایی زانیاریی) لەسەردوو گۆڕاوی وابەستەکراو (دەستکەوتی خوێندن )، (کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی). بڕوانە خشتەی (٢)

**خشتەی ژمارە (٢) دیزاینی توێژینەوەکە**

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشەکی | گۆڕاوی سەربەخۆ (ڕێگای وانەوتنەوە) | ت تاقیکردنەوەی پاشەکی | |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | کەم کرینەوەی سەرگەردانی عەقڵی | ستراتیژیەتی بۆشایی زانیاری | دەستکەوتی خوێندن | کەمکرینەوەی سەرگەردانی عەقڵی |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | | |

**سی یەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە**

**١. کۆمەڵگای توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتبوو لە هەموو قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە گشت قوتابخانە ئامادەییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥) کە ژمارەیان لە (٢٨) قوتابخانەی کوڕان و (٤٢) ئامادەیی کچان و (٣) ئامادەیی تێکەڵاو پێکهاتووە کە بەیانیان دەوام دەکەن.

**٢. نموونەی توێژینەوە: نموونەی توێژینەوەش پێکدێت لەدووبەش:**

**أ. نموونەی قوتابخانەکان**

بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، کە بەپێی چەند ڕێسایەکی تایبەت هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگا بکات ( ابو حویج، ٢٠٠٠، ٤٥).

توێژەران قوتابخانەی ئامادەیی ڕۆژی نوێی کوڕانیان هەڵبژارد، بە مەبەست بەهۆی:

- بوونی ژمارەی پێویستی قوتابیان لە قوتابخانەکە، لەبەر ئەوەی زۆربەی قوتابخانەکان لە یەک گروپ قوتابیان پێکهاتبوون کەچی قوتابخانەی ناوبراو ژمارەی قوتابی پێویستی هەبوو.
- بەهۆی نزیکی قوتابخانەکە لە ماڵی توێژەران.
- بوونی ئامرازی پێویست بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە وەک نەخشە.
- ئیدارەی قوتابخانەکە ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی توێژەر، بۆ ئەوەی لە هەفتەیەک توێژەر سێ بەشە وانە بڵێتەوە بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکە بەڕێکوپێکی بەڕێوەبچێت.

**ب. نموونەی توێژینەوە**

توێژەران پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە سەردانی قوتابخانەکەیان کردبوو کە دوو پۆلی قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەی هەیە کە ژمارەیان (٤٣) قوتابی بوو. توێژەران بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دوو گروپیان دەست نیشانکرد، گروپی (أ) ئەزموونی ژمارەی قوتابیانی (٢٢) قوتابی بوو، گروپی (ب) کۆنترۆڵکراو ژمارەی قوتابیانی (٢١) قوتابی بوو، دوای هاوسەنگ کردن توێژەران (١١) قوتابیان لە هەردوو گروپەکە دوورخستەوە بۆ ئەوەی کاریگەری نەبێت لەسەر ئەزموونەکە چونکە قوتابی کەوتووی ساڵی پێشوو بوون، ئەم قوتابیانە لەناو پۆل بوون، بەڵام توێژەران هەژماریان نەکردن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣)

خشتەی ژمارە (٣) ژمارەی قوتابیانی نموونەی توێژینەوە

| گروپ | هۆبە | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیان پێش دورخستنەوە | ژمارەی قوتابیانی کەوتوو | ژمارەی قوتابیان پاش دورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | أ | ستراتیژیەتی بۆشایی زانیاری | ٢٨ | ٦ | ٢٢ |
| کۆنترۆڵکراو | ب ب | ڕێگای پەیرەوکراو | ٢٧ | ٦ | ٢١ |
| کۆی گشتی | | | ٥٥ | ١٢ | ٤٣ |

**٣. هاوسەنگی گروپەکان**

**أ.** سەلامەتی ناوەوەی دیزاینی ئەزموونی: توێژەران پێش ئەوەی دەست بکەن بە جێبەجێکردنی توێژینەوەکە پێویستە هەندێک لە هۆکارەکان کۆنترۆڵ بکەن ئەوانیش بریتین لە:

**١. تەمەنی قوتابیان بەمانگ**

توێژەران تەمەنی قوتابیانیان لە خودی خۆیان وەرگرت لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمێکەوە بەسەریاندا، لە پاشکۆی ژمارە (١)، دواتر تەمەنی هەریەکەیان بەمانگ دەرهێنا تا پێش (٢٠٢٥/١/٢٦) توێژەران تاقیکردنەوەی تائي (t.test) بەکارهێنا لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جیاوازی واتاداری ئاماری نییە لەنێوان هەردوو نموونەی سەربەخۆ، چونکە بەهای گریمانەکراو (٢.٠١٠) گەورەترە لە بەهای هەژمارکراو (٠.١٤٣) لەڕێژەی هەڵە لەئاستی (٠.٠٥) بەنمرەی ئازاد (٤١) بۆیە واتادار نیە ئەمەش هاوسەنگی هەردوو گروپەکە لەگۆڕاوی تەمەندا دەردەخات. بڕوانە خشتەی (٤)

خشتەی ژمارە (٤) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازی ناوەندەژمێرەی تەمەنی قوتابیانی هەدووگرووپ

| گروپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونگەری | ٢٢ | 196.36 | 7.01 | 0.143 | 0-2.01 | 41 | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | 196. 66 | 6.88 | | | | |

### ٢. ئاستی زیرەکی

توێژەران تاقیکردنەوەی ڕاڤنیان (Raven) بەسەر هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو جێبەجێکرد، لەبەر ئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە گونجاوە بۆ سامپڵی ئەم توێژینەوەیە، ئەم ئامرازە جێبەجێکراوە بەسەر نمونەیەکی گەورەدا لە شوێنە جیاجیاکانی عێراق و چینە جیاوازەکانی تەمەن کە دەکەوێتە نێوان (١٥- ٦٥) ساڵیدایە (الدباغ واخرون،١٩٨٣، ٢٩).
ئینجا بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردوو گروپ توێژەران تاقیکردنەوەی تایی (t.test)ی بۆ هەردوو نموونەی توێژینەوەکە بەکارهێنا لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جیاوازی واتاداری ئاماری لەنێوانیاندا نییە، چونکە بەهای گریمانەکراو(٢.٠١٠) گەورەترە لەبەهای هەژمارکراو (١.٠٦) لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (٠.٠٥) بە نمرەی ئازاد (٤١) بۆیە واتادار نیە،هەردوو گروپ هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکی دا هەروەک لەخشتەی ژمارە (٥).

خشتەی (٥) ئەنجامی تایی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری هەردوو گرووپ لە ئاستی زیرەکی

| گروپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەلگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونگەری | ٢٢ | ٣٠.٥٠ | 4.97 | 1.06 | 2.010 | 41 | بەلگەداری نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | 37.33 | 6.30 | | | | |

### ٣. ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیان:

توێژەر هاوسەنگی گروپەکانی دەرهێنا بۆ دەستکەوتی خوێندنی باوکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای سکوێر (کا٢) لە ئەنجامدا دەرکەوت هەردوو گروپی ئەزمونگەری و کۆنترۆڵکراو، هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی باوکان (کا٢)ی هەژمارکراو (٠.٩٠٦) بچوکترە لە بەهای (کا٢)خشتەیی کە دەکاتە (٥.٩٩) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٠٥) و نمرەی ئازاد (٤١)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

خشتەی ژمارە (٦) ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپەکان | ژمارەی نموونە | ئاستی دەسکەوتی خوێندن | | | نرخی (کا٢) | | ئاستی بەلگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بنەڕەتی | ئامادەیی | دبلۆم و زیاتر | ئەژمارکراو | خشتەیی | بەلگەداری نییە |
| ئەزمونگەری | ٢٢ | ١٠ | ٧ | ٥ | ٠.٩٠٦ | ٥.٩٩ | |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | ٩ | ٦ | ٦ | | | |

### ٤. ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیان:

توێژەران هاوسەنگی گروپەکانیان دەرهێنا بۆ دەستکەوتی خوێندنی دایکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای سکوێر (کا٢) لە ئەنجامدا دەرکەوت هەردوو گروپی ئەزمونگەری و کۆنترۆڵکراو، هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان (کا٢) ی هەژمارکراو (٠.٩٠٨) بچوکترە لە بەهای (کا٢) خشتەیی، کە دەکاتە (٥.٩٩) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٠٥) و نمرەی ئازاد (٤١)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە (٧) ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپەکان | ژمارەی نموونە | ئاستی دەسکەوتی خوێندن | | | نرخی (کا٢) | | ئاستی بەلگەداری(٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بنەڕەتی | ئامادەیی | دبلۆم و زیاتر | ئەژمارکراو | خشتەیی | بەلگەداری نییە |
| ئەزمونگەری | ٢٢ | ٩ | ٧ | ٦ | ٠.٩٠٨ | ٥.٩٩ | |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | ٨ | ٨ | ٥ | | | |

**٥. کۆنمرەی گشتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی**

ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی (٥٩.٤٠)، لادانی پێوەری (٧.٢٢) نمرەیە، لەکاتێکدا ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو (٦١.٢٣)، لادانی پێوەری (١٢.٠٧) نمرەیە توێژەر تاقیکردنەوەی تایی(t.test) بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری، لە ئەنجامدا دەرکەوت هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥)، چونکە بەهای تایی هەژمارکراو (٠.٦٠٦) بچوکترە لەبەهای تایی خشتەیی (٢.٠١٠) ئەمەش مانای وایە هەردوو گروپی توێژینەوە هاوسەنگن بەپێی ئەو ئامارەی کە توێژەران دەریانهێناوە لە نمرەی تاقیکردنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) بڕوانە خشتەی ژمارە (8).

خشتەی ژمارە (٨) ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای تایی هەژمارکراو و خشتەی بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەکۆنمرەی گشتی بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەم بنەڕەتی

| گروپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونگەری | ٢٢ | ٥٩.٤٠ | ٧.٢٢ | ٠.٦٠٦ | ٢.٠١٠ | ٣٢ | جیاوازی بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٦١.٢٣ | ١٢.٠٧ | | | | |

**٦. تاقیکردنەوەی پێشەکی کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی**

بە ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگی نێوان هەردوو گروپی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی. توێژەران پێوەرەکەیان پێشکەشی کۆمەڵێک شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە کرد، ئەم تاقیکردنەوەیە جێبەجێکرا بەمەبەستی هاوتابوون لەسەر قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕۆژی (٢٨/ ١/ ٢٠٢٥)، لێرەدا ناوەندەژمێرەی بۆ هەر یەکێک لە گروپەکان دەرهێنرا، ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی (٥٦.٨٦)، ناوەندەژمێرەی گروپی کۆنترۆڵکراو (٦٧.٦٦)) نمرەی ئازاد (٤١)، بەهای تایی (t.test) هەژمارکراو (١.٠٥) کە ڕێژەکەی کەمترە لە بەهای خشتەیی بەهاکەی بریتییە لە (٢.٠١٠) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٠٥)، بۆیە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە بۆ گۆڕاوی سەرگەردانی عەقڵی بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە (ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو)، کەواتە قوتابیانی هەردوو گروپ هاوسەنگن لە گۆڕاوی کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی بڕوانە خشتەی (٩).

خشتەی ژمارە (٩) نمرەی قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە بۆ تاقیکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی

| گروپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونگەری | ٢٢ | 56.86 | ٦.٧٤ | ١.٠٥ | ٢.٠١٠ | ٤١ | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | 67.66 | ٤.٠٧ | | | | |

**چوارەم: دیاریکردنی گۆڕاوەکان و کۆنترۆڵکردنیان**

جگە لە ڕێکارەکانی هاوسەنگی ئاماری نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە پێنج گۆڕاودا، توێژەران هەوڵیاندا خۆیان لە کاریگەری هەندێک لە گۆڕاوە دەرەکییەکان بە دووربگرن، کە کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوانە بەم شێوەیەن:

**أ.هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر دروستی ناوەوەی دیزایینی توێژینەوەکە هەیە:**

**بارودۆخی تاقیکردنەوەکە:** هەندێک لە تاقیکردنەوەکان ڕووبەڕووی ڕووداوی سروشتی و یان بارودۆخی لە ناکاو دەبنەوە وەک شەڕ و کۆچ ... هتد، جگە لە هەندێک پشوو ئەو پشووە لە ڕۆژانی تردا قەرەبوو کرایەوە، بۆیە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە نەبووە.

**پرۆسەکانی پەیوەست بە گەشەکردن:** توێژەران یەکسانی نێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، کە تەمەنی قوتابیانیان بە مانگ هەژمارکردووە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی فاکتەری گەشەکردن.

**جیاوازی تاقیکردنەوەی نێوان گروپەکان:** توێژەران هەوڵیاندا خۆیان لە کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕاوە بەدوور بگرن بە ئەنجامدانی هاوسەنگی ئاماری نێوان هەردوو گروپی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە پێنج گۆڕاودا: (نمرەی تاقیکردنەوەی زیرەکی، تەمەنی قوتابیان بەمانگ، دەستکەوتی خوێندنی دایک و باوک، نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی ساڵی پێشوو نمرەی تاقیکردنەوەی کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی).

**جێهێشتنی ئەزموونەکە ( الاندثار التجريبي):** لە ماوەی ئەزموونی هیچ دابڕانێک و تەرککردنی هیچ قوتابییەک لە هەردوو گروپی توێژینەوەکە نەبوو تەنها ئامادە نەبوونی تاکەکەسی ڕێژەیەکی کەمی کە بە نزیکەیی یەکسان بوون لە هەردوو گروپەکە.

**ئامرازەکانی پێوانەکردن:** توێژەران دوو ئامرازیان بەکارهینا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە یەکەم تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژووی شارستانییەکانی قۆناغی دەیەمی وێژەی، لەبەر ڕۆشنایی شەش ئاستی مەعریفی پۆلینی بلۆم. ئامرازی دووەم تاقیکردنەوەی پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی، توێژەران هەردوو ئامرازەکەیان لەسەر قوتابیانی توێژینەوەکە جێبەجێکرد دوای دڵنیابوونەوە لە سیفەتە سایکۆمەترییەکان.

**کاریگەری هارثون:** ئەم گۆڕاوە بەو مانایە دێت کە قوتابیانی توێژینەوەکە لەژێر تاقیکردنەوەدان زیاتر هەوڵ دەدەن، ئەو ئەنجامەشی کە بەدەستی دەهێنن لەئەنجامی گرنگیدانیان بووە بەئەزموونە نوێیەکە (عبدالدايم،١٩٨١، ١١٦).

**ب. هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر دروستی دەرەوەی دیزایینی توێژینەوەکە**

توێژەران هەندێک ڕێکاریان ئەنجامدا لەوانە:

**ماوەی توێژینەوەکە:** ماوەی ئەزموونی بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی توێژینەوەکە یەکسان بوو، لە بەرواری (١/٢٦/ ٢٠٢٥) دەستیپێکرد، تاوەکو (٣/١١/ ٢٠٢٥ ) کە نزیکەی (٦) هەفتە دەکات.

**وانەوتنەوە:** توێژەران خۆیان وانەیان بەهەردوو گروپی ( ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) دەوتەوە.

**بابەتی خوێندن:** قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە بە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوەوە هەمان بابەتیان خوێندووە، کە بریتی لە (بەشی چوارەم شارستانی یۆنانی، بەشی پێنجەم شارستانی ڕۆمانی، بەشی شەشەم شارستانی ئێرانی، بەشی حەوتەم شارستانی ئیسلامی تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا).

**ئامرازەکانی وانەوتنەوە:** توێژەران زۆر بە ئاگاییەوە کاریانکردووە لەسەر ئەوەی بە یەکسانی ئامرازەکان بەکاربهێنن بۆ هەردوو گروپەکە، کە ئەویش بریتی بوون لە پەرتووکی مێژووی شارستانییەکان، وایت بۆرد، قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ، وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، نەخشە.

**شوێنی توێژینەوە:** توێژەران توێژینەوەکەیان لەسەر دوو گروپ جێبەجێکردووە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ئامادەی ڕۆژی نوێی کوڕان کەسەر بە پەروەردەی ناوەندی هەولێر.

**دابەشکردنی وانەی خوێندن:** توێژەران لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە ڕێککەوتن لەسەر خشتەی هەفتانە و کات و ڕۆژی وانەوتنەوە بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە. لە هەفتەیەکدا (٣) بەشە وانە بۆ هەریەک لە گروپی کۆنترۆڵکراو ئەزموونی.

**پێنجەم: پێداویستیەکانی توێژینەوە**

أ. **دیاریکردنی بابەت** توێژەران پشتیان بەست بە بابەتەکانی بەشی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕووی جۆر و ژیان وگوزەرانەوە لەناو کتێبی پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ قۆناغی ئامادەیی. بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو. بڕوانە خشتەی ژمارە(١٠).

خشتەی ژمارە(١٠) دابەشبوونی وانەکانی بابەتی وەرزی

| گروپ | ڕۆژ | وانە | کات | دەوام |
|---|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری | یەکشەم | یەکەم | ٨ | بەیانیان |
| کۆنترۆلکراو | | دووەم | ٨:٤٠ | |
| ئەزمونگەری | سێشەم | یەکەم | ٨ | بەیانیان |
| کۆنترۆلکراو | | دووەم | ٨:٤٠ | |
| ئەزمونگەری | پێنجشەم | دووەم | ٨:٤٠ | بەیانیان |
| کۆنترۆلکراو | | پێنجەم | ١١:٥ | |

**ب. داڕشتنی ئامانجەکانی بابەت**

**١. ئامانجی گشتی**

بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت:

ئامانجە درێژ خایەنەکان پێویستییان بە ماوەیەکی دوور مەودایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و کاتەکەی دیارینەکراوە وەک ساڵی خوێندن یان قۆناغێکی خوێندن (سلامة واخرون، ٢٠٠٩، ٦٤).

**٢. ئامانجی ڕەفتاری**

ئامانجە ڕەفتارییەکان بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: بریتییە لەو گۆڕانکارییەی کە مەبەست لێی قوتابییە بۆ نیشاندانی ڕادەی ئەو گۆڕانکارییە خوازراوەی کە لە ڕەفتاری قوتابیدا ڕوودەدات دەتوانرێت لە پرۆسەی فێربوون یان دوای پرۆسەکە پێوانە بکرێ (کوافحة،٢٣٨،٢٠٠٤).

هەر لەبەر ئەم هۆیە توێژەران شیکردنەوەیان بۆ ناوەرۆکی بابەتی وانەکەی بەپێی ئامانجە ڕەفتارییەکان پۆلێنکردنی بلۆم لە بواری مەعریفی داڕشتووە بۆ هەر شەش ئاستەکە ( بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن) ئەم ئامانجانە لەفۆرمێکی سەرەتاییدا پیشانی کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزای بواری پەروەردەیی و دەروونناسی و پێوانەو هەڵسەنگاندن درا بۆ دەرخستنی بیروڕایان و سەرنجەکانیان دەربارەی ئەو ئامانجە ڕەفتارییانە تاوەکو چەند گونجاون ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان (٩١) ئامانجی ڕەفتاری بوو. بڕوانە: خشتەی ژمارە(١١) بەپێی بڕیاری کۆتایی شارەزاییان ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان لەسەر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ ئامانجە ڕەفتارییەکان (٩٠٪)

خشتەی ژمارە (١١) ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە پێی هەر بەشێک لە بابەتی خوێندن

| ناوەرۆکی زانستی | ئامانجە ڕەفتارییەکان لەبواری مەعریفی | | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | شیکرنەوە | پێکهێنان | هەڵسەنگاندن | |
| شارستانیەتی ئەغریقی | ٥ | ٥ | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢٠ |
| شارستانیەتی ڕۆمانی | ٥ | ٤ ٤ | ١ | ٤ | ١ | ١ | ١٦ |
| شارستانیەتی ئێرانی | ٧ | ٥ | ٢ | ٢ | ٢ | ٣ | ٢٠ |
| شارستانیەتی ئیسلامی | ٥ | ٥ | ٢ | ٣ | ٢ | ٢ | ١٩ |
| شارستانیەکانی کورد | ٥ | ٤ ٤ | ١ | ٣ | ١ | ٢ | ١٦ |
| کۆی گشتی | ٢٦ | ٤٣ | ٨ | ١٥ | ٨ | ١١ | ٩١ |

**ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە**

پلانی وانەوتنەوە : بریتییە لە گرتنەبەری پرۆسەیەکی وێناکردن و خستنەکاری ئەو پرۆگرامانەی خوێندن کە پێویستە بگیرێتەبەر لەپێناو ئاراستەکردنی چالاکییەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراو سنووردار (جابر،١٩٩٩، ٢٠٨). پاش دیاریکردنی بابەتی وانەکە و ئامانجە ڕەفتارییەکان، توێژەران دەستیان کرد بە ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوەکە گروپی ئەزموونی بەپێی ستراتیژی بۆشایی زانیاریی و کۆنترۆڵکراویش بەڕێگای ئاسایی، وە ژمارەی پلانی وانەوتنەوە کە گەیشتە (١٩) بەشە وانە بۆ هەر گروپێک، توێژەران بۆ دڵنیابوون لە پلانەکەیان پیشانی کۆمەڵێک پسپۆڕی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردەیی و دەروونناسیاندا، بۆ ئەوەی سوود لە بۆچوون و سەرنجەکانیان وەرگرن سەبارەت ڕەوایەتی یاخود هەر دەستکاری کردنێک بۆی، دوای ئەوەی هەندێک گۆڕانکاری تێدا، ڕەوایەتی درا بەدارِشتنەکەی.

**د.ئامرازەکانی توێژینەوە**

ئامرازی توێژینەوە: بریتییە لەچۆنیەتی کۆکردنەوەی داتاکان، توێژەران بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گریمانەی توێژینەوەکە بەکاری دەهێنن (الدويدى،٢٠٠٢، ٣٠٥). لەم توێژینەوەی ئێستا توێژەران دوو ئامراز بەکاردەهێنن بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی گریمانەکان و کێشەی توێژینەوەکە. بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**١. تاقیکردنەوەی دەستکەوت**: ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پێوانەکردن بەکاردێ بۆ نیشاندانی ئاستی مەعریفی قوتابی لە خولێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک خولی ئەکادیمی (الكبيسي، ٢٠٠٧، ١٠٧ ). توێژەران تاقیکردنەوەی دەستکەوتیان بونیادناوە لە بابەتی مێژووی شارستانییەت بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی قۆناغی ئامادەیی ئامانجە ڕەفتارییەکانیان ئامادەکرد بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**أ. ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (جدول المواصفات)**

دوای شیکردنەوەی ناوەرۆک بەشێوەیەکی زانستی کە بۆ تاقیکردنەوە دیاریکراوە، مەبەست لێی هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابییە خشتەیەک ئامادە دەکرێت کە تێیدا ئامانجەکان بە ناوەرۆکەکەی دەبەستێتەوە لەسەر بنەمای قورسایی ڕێژەیی بابەتەکان بونیاد نراوە، ئەویش بە خشتەی تایبەتمەندی ناسراوە، کە بریتییە لە خشتەیەک تێیدا سەرجەم ئەو بابەتەی کە تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت دەست نیشان دەکرێت، لەگەڵ دەست نیشانکردنی کێشی ڕێژەیی و جۆر و ئاستی ئامانجە ڕەفتارییەکان نمرەکان بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو لە (ژمارەی بابەت، بیردۆز، هاوکێشە، ئەگەرەکان، سەلماندن، داتاشراو ) بۆ هەر بەش و پرسیارێک (مجيد،٢٠١٣، ٢٦٤ ). توێژەران خشتەی تاقیکردنەوەیەکیان دروست کردووە، کە لە

(٥٠) پرسیار پێکدێت پرسیارەکان لە ناوەرۆکی بەشی چوارەم، پێنجەم و شەشەم تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست بەپێی پۆلێنی بلۆم بۆ هەر شەش ئاستەکە ( بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن ).

خشتەی ژمارە (١٢) خشتەی تایبەتمەندی (جدول مواصفات) ( نەخشەی تاقیکردنەوە )

| بابەتەکان | ژمارەی لاپەڕەکان | کێشی ڕێژەیی سەدی بابەتی بەش % | کێشی ڕێژەیی گرنگی ئامانجەکان | | | | | | ژمارەی پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | شیکردنەوە | پێکهێنان | هەڵسەنگاندن | |
| | | | % ٢٠ | % ٢٣ | %١٥ | %٢٥ | %١٠ | %٧ | |
| بەشی چوارەم شارستانی یۆنان | ١٠ | %٢٠ | ٢ | ٢ | ٢ | ٣ | ١ | ١ | ١١ |
| بەشی پێنجەم شارستانی ڕۆمان | ٥ | %١٠ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | سفر | ٥ |
| بەشی شەشەم شارستانی ئێران | ١٤ | %٢٩ | ٣ | ٣ | ٢ | ٤ | ١ | ١ | ١٤ |
| بەشی حەوتەم شارستانی ئیسلام | ٢٠ | %٤١ | ٤ | ٥ | ٣ | ٥ | ٢ | ١ | ٢٠ |
| کۆی گشتی | ٤٩ | %١٠٠ | ١٠ | ١١ | ٨ | ١٣ | ٥ | ٣ | ٥٠ پرسیار |

(الحیلە ٢٠٠٢، ٣٧) ژمارەکان نزیک کراوەتەوە بۆ نزیکترین ژمارە




شیکردنەوە تێگەیشتن بیرهاتنەوە جێبەجێکردن پێکهێنان هەڵسەنگاندن

شێوەی ژمارە (١)

ڕێژەی هەر ئاستێک لەئاستەکانی (بلۆم Bloom) بۆ ئامانجە ڕەفتارییەکان بەپێی خشتەی تایبەتمەندیی

**ب. ئامادەکردن و داڕشتنی برگەکانی پرسیار**

توێژەران جۆری برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستەکەوتیان بە پێی خشتەی تایبەتمەند (جدول مواصفات) ئامادەکرد، کە ئامانجەکان دابەشکرابوو بەپێی شەش ئاستە مەعریفییەکەی بلۆم، برگەکانی تاقیکردنەوەکە پێکدێت لە تاقیکردنەوەی بابەتی و وتاری بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. برگەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی**

توێژەران تاقیکردنەوەی بابەتیان هەڵبژاردووە، کە یەکێکە لەو تاقیکردنەوە گونجاوانەی بۆ پێوانەکردنی ئاستە مام ناوەندەکان لە دونیادا بەکاردێت (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) (الامام واخرون،١٩٩٠، ٨٧). توێژەران لە بونیادنانی

بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی (٢٩) بڕگەیان ئامادە کرد بوو، بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بڕگەی پرسیارەکانیان خستە بەردەم کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزایی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن بە مەبەستی زانینی ڕاوبۆچوون و ڕێنماییەکانیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی قوناغی ئامادەیی بەپشت بەستن بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٤٪) بڕیاردەران بۆ هەر بڕگەیەک، دوای ئەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی هەر بڕگەیەک دەرهێنرا دەرکەوت هەموو بڕگەکان لەو ڕێژەیە زیاتریان بەدەست هێناوە پەسەندکران.

**٢. بنیاتنانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی ووتاری**

تاقیکردنەوەیەک داڕشتنیە یاخود نوسینەکی، سروشتی وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بەچەند دێڕێک یان چەند لاپەڕەیەکە بەهۆی ئەوەوە دەتوانرێت کارامەیی قوتابی بەدەربکەوێت، بەم جۆرە دەتوانرێت ئاستە مەعریفیە باڵاکانی پێوانە بکرێت وەک (پێکهێنان، هەڵسەنگاندن، شیکردنەوە) توانا و بیرۆکەکانیان بەشێوەیەکی زنجیرەیی و لۆژیکی دەربڕن (النجار، ٢٠٠٧، ٨٨). لە چەند جۆرێک پێکدێت، توێژەران لە بونیادنانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی وتاری (٢١) بڕگەیان ئامادە کردبوو بەشێوەی وتاری، کە (١٣) بڕگەی پرسیاری تاقیکردنەوەکە لە ئاستی شیکردنەوە بوو (٥) پێکهێنان بوو، و (٣) بڕگەی تریش لە ئاستی هەڵسەنگاندن بوو. توێژەران لە خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە دڵنیابونەوە.

**ج. ڕاستگۆی (ڕاستی و دروستی ) تاقیکردنەوە:**

ڕاستی و دروستی تاقیکردنەوە ئەوەیە ئەو تاقیکردنەوەیە یان پێوەنکارەی، کە ئامادەمان کردووە ئەو توانا و خاسیەت و شتە بپێوێت کە بۆ مان ئامادەکردووە، چونکە شارەزا سەرنجی ناوەڕۆکی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەدات بۆ ئەوەی بڕیار بدات تا چەند ڕاست و دروستن و گوزارشت لەو خاسڵەت و خاسیەتە دەکات کە بۆی ئامادەکرا (أحمد، ١٩٦٠، ١٨٨). لەم توێژینەوەی ئێستا توێژەران دوو جۆر ڕاستگۆییان بەکارهێناوە بریتیین لە مانەی خوارە:

**١. ڕاستگۆی ڕواڵەتی ( ڕاستی و دروستی )**

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەیەکێک لە جۆرەکانی ڕاستگۆیی دادەنرێت، کە لەلایەن شارەزایانەوە دیاری دەکرێت، واتا لە کاتی پشکنینی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەدا پشکنەر بگاتە ئەو ئەنجامەی تاقیکردنەوەکە تا چ ڕادەیەک پێوانەی ئەو بارودۆخە دەکات کە مەبەستە پێوانەی بکرێت (الضامن، ٢٠٠٧، ١١٣)

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەکە توێژەران بڕگەکانی پرسیاری تاقیکردنەوەکەیان خستە بەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ وەرگرتنی ڕاووبۆچوونیان سەبارەت بە بڕگەکانی پرسیاری تاقیکردنەوەکە ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان( ٩٤٪) کەواتە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەندە.

**٢. ڕاستگۆی ناوەڕۆک (ڕاستی و دروستی)**

تاقیکردنەوەی ڕاستگۆی ناوەڕۆک بریتییە لە نمونەیەکی باش کە نوێنەرایەتی ناوەڕۆکی بابەتەکە بکات، وە هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی تر پشتگوێ نەخات (عطية، ٢٠٠٨، ٢٩٨). توێژەران توانیان ڕاستی و دروستی ناوەڕۆک پشت ڕاست بکەنەوە لە ڕێگای ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (جدول مواصفات) بۆ دڵنیابوون لە ناوەڕۆکی بڕگەکانی بابەت و ئامانجە ڕەفتارییەکان، بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەندکرا.

**ه. ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە**

پاش داڕشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت و دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستی، توێژەران ڕێنمایی پێویستیان دانا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بخرێتە بەردەم نموونەی پەیبردنی توێژینەوە، ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی بوو، ئامانجەکانی، ژمارەی بڕگەکان، دابەشکردنی نمرەی بڕگەکان. توێژەران بڕگەکانی تاقیکردنەوە و کلیلی وەڵامەکانیان ئامادەکرد.

**شەشەم: جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پەیبردن توێژینەوە**

**بۆ ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیەش توێژەران دوو ئامرازیان ئامادە کردووە ئەوانیش (تاقیکردنەوەی دەستکەوت، پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی).**

**أ. جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پەیبردنی یەکەمی دەستکەوت**

توێژەران تاقیکردنەوەی پەیبردنی یەکەمی دەستکەوتیان لە قوتابخانەی شێخ مەحمودی کورانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئەنجامدا، ژمارەی قوتابیان (٤٠) قوتابی بوو لە پۆلی دەیەمی وێژەیی قۆناغی ئامادەیی، وادەی تاقیکردنەوەکە بۆ ڕۆژی (یەکشەم) ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٢٣) دیاریکرا، تۆمارکردنی ئەو کاتەی کە یەکەم قوتابی پێویستی بوو بۆ وەڵامدانەوەی برگەکان (٣٠) خولەک بوو، لە کۆتایدا قوتابی بە (٤٠)خولەک وەڵامی دایەوە، بەم جۆرە تێکڕایی ئەو کاتەی بۆ وەڵامدانەوەی برگەکانی تاقیکردنەوەکە پێویستە (٣٥) خولەک بوو.

**ب. جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پەیبردنی دووەمی دەستکەوت:**

توێژەران بۆ پشت ڕاستکردنەوەی خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە برگەکانی تاقیکردنەوەکەیان خستە بەردەم نموونەی دووەمی پەیبردن لە ئامادەیی بەرانەتی کوران، کە ژمارەی قوتابیانی (٤٠) قوتابی بوو، لەگەڵ مامۆستای قوتابخانەکە ڕێکەوتین بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک پاش خوێندنی (بەشی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم تاوەکو کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست). وادەی تاقیکردنەوەکە بۆ ڕۆژی (پێنجشەم) ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٢٧) بەگشتی (٣٥) خولەکی پێویست بوو، توێژەران شیتەڵکردنی ئامارییانکرد بۆ دەرهێنانی خاسیەتی سایکۆمەتری تاقیکردنەوەکە:

**١. گرانی برگەکان**

بلۆم پێیوایە برگەی تاقیکردنەوەی باش تێکڕای ڕێژەی گرانی برگەکەی لەنێوان (٠، ٢٠ – ٠، ٨٠) (Bloom، 1971 ، 66 ). بەپێی ئەو ڕێژەیی بلۆم هیچ لە پرسیارەکان دوور نەخرانەوە بەهۆی گرانی برگەی پرسیارەک

**خشتەی (١٣) گرانی و ئاسانی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەرەوەی نموونەی توێژینەوە**

| ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی گرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.39 | 16 | 0.53 | 31 | 0.39 | 46 | 0.53 |
| 2 | 0.32 | 17 | 0.37 | 32 | 0.37 | 47 | 0.53 |
| 3 | 0.32 | 18 | 0.39 | 33 | 0.37 | 48 | 0.58 |
| 4 | 0.29 | 19 | 0.42 | 34 | 0.37 | 49 | 0.58 |
| 5 | 0.37 | 20 | 0.32 | 35 | 0.45 | 50 | 0.63 |
| 6 | 0.24 | 21 | 0.24 | 36 | 0.39 | | |
| 7 | 0.45 | 22 | 0.24 | 37 | 0.50 | | |
| 8 | 0.47 | 23 | 0.39 | 38 | 0.50 | | |
| 9 | 0.58 | 24 | 0.34 | 39 | 0.32 | | |
| 10 | 0.50 | 25 | 0.55 | 40 | 0.24 | | |
| 11 | 0.45 | 26 | 0.50 | 41 | 0.32 | | |
| 12 | 0.39 | 27 | 0.42 | 42 | 0.37 | | |
| 13 | 0.26 | 28 | 0.50 | 43 | 0.53 | | |
| 14 | 0.24 | 29 | 0.55 | 44 | 0.61 | | |
| 15 | 0.39 | 30 | 0.58 | 45 | 0.42 | | |

**٢. هێزی جیاکەرەوەی برگەکان:**

مەبەست لە توانای برگەیە بۆ پێوان و جیاکردنەوەی نمرەی گروپی نمرە بەرزەکان لە نمرەی گروپی نمرە نزمەکان واتا جیاوازیی تاکە کەسی نێوان قوتابییان دەربخات (زەزمی،١٩٩٨، ٦). هێزی جیاکەرەوەی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەنێوان (٠، ٢٠ – ٦١.٠) ئەم ڕێژەیەش پەسەندە، چونکە (ئیبڵ – ١٩٧٢) سپۆرە لە بواری پێوانە و هەڵسەنگاندنی دەروونی و پەروەردەیی پێی وایە هەر برگەیەک هێزی جیاکاری (٢٠.٠) و سەرووتر بێت ئەو برگەیە بە باش دادەنرێت و پەسەندە (امین، ٢٠١٦،٩٣). بەم شێوەیەش دەردەکەوێت کەژمارە (٦، ١٤، ٣١، ٤٠، ٤١ ) برگەکانی تاقیکردنەوەکە دوورخرانەوە.

**خشتەی ژمارە (١٤) هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوە**
**بۆ دەرەوەی نموونەی توێژینەوە لەرێگەی هاوکۆلکەیی گرانی**

| ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ. برگەکان | هاوکۆلکەی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.37 | 16 | 0.53 | 31 | 0.16 | 46 | 0.42 |
| 2 | 0.42 | 17 | 0.32 | 32 | 0.42 | 47 | 0.63 |
| 3 | 0.32 | 18 | 0.47 | 33 | 0.53 | 48 | 0.63 |
| 4 | 0.37 | 19 | 0.21 | 34 | 0.21 | 49 | 0.32 |
| 5 | 0.32 | 20 | 0.21 | 35 | 0.37 | 50 | 0.63 |
| 6 | 0.05 | 21 | 0.37 | 36 | 0.58 | | |
| 7 | 0.37 | 22 | 0.26 | 37 | 0.26 | | |
| 8 | 0.74 | 23 | 0.37 | 38 | 0.58 | | |
| 9 | 0.53 | 24 | 0.26 | 39 | 0.42 | | |
| 10 | 0.37 | 25 | 0. 37 | 40 | 0.05 | | |
| 11 | 0.47 | 26 | 0.47 | 41 | 0.11 | | |
| 12 | 0.26 | 27 | 0.53 | 42 | 0.21 | | |
| 13 | 0.21 | 28 | 0.37 | 43 | 0.42 | | |
| 14 | 0.16 | 29 | 0.68 | 44 | 0.58 | | |
| 15 | 0.58 | 30 | 0.32 | 45 | 0.42 | | |

### ٣. کاریگەری جێگرەوەی (وەڵامە) هەڵەکان:

بۆ ئەوەی برگە و پرسیارەکانی تاقیکردنەوە کاریگەر بن، پێویستە لە پاڵ دۆزینەوەی (ئاسانی و گرانی و هێزی جیاکاریی برگەکان)، توێژەران لە کاریگەریی جێگرەوە هەڵەکانیش دڵنیابێت، چونکە ئەگەر وەڵامەکان کاریگەر نەبن ئەوا کاریگەری لەسەر راست و دروستی تاقیکردنەوەکە دەبێت و هیچ کەس ناچێت بەلایدا، دەبێت دەرئەنجامەکەی بەنەرێنی (سالب) دەربچێت ئەگەر دەرئەنجام نەرێنی بوو ئەوا ژمارەی ئەو تاکانە تواناکانیان لاوازن سەر بە گروپی نمرە نزمەکان زیاتر لەو کەسانەی کە تواناکانیان بەهێزە سەر بە گروپی نمرە بەرزەکان (قەرەچەتانی، ٢٠١٨، ١١٧).

### ٤. جێگیری تاقیکردنەوە

مەبەست لە جێگیری تاقیکردنەوەکە ئەوەیە ئەگەر هاتوو پێوەرەکە بەسەر کۆمەڵێک کەسدا دابەش کرا و وەڵامیان دایەوە، پاش ماوەیەکی تر کە ماوەکەی لەنێوان (١٥) رۆژ دابێت هەمان پێوەر بخرێتە بەر دەستی هەمان کۆمەڵە کەس و لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا هەمان وەڵامیان دایەوە ئەوا پێوەرەکە بەجێگیر دادەندرێت (عبدالرحمن،٢٠٠٨، ١٧٨). جێگیری لەمەرجە بنەرەتییەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتە، بۆیە هەرچەندە تاقیکردنەوەکە جێگیری بەهێزتر بێت ئەوا زیاتر باوەرپێکراوتر و پشت پێبەستراوتر دەبێت (رمزیە،١٩٩٦،٦٥٣). جێگیری ئەم توێژینەوەی ئێستا بە رێگای ( کودر ریتشاردسون kr- 20 ) دیاریکراوە: ئەم هاوکێشەیە پشت دەبەستی بە رێژەی ئەو تاکانەی، کە دەرچوون بۆ هەر برگەیەک لە برگەکانی تاقیکردنەوە یان بەشێک لە بەشەکانی تاقیکردنەوە و تاچەند جیاوازی نمرە هەیە لەبرگەکان. ئەم توێژینەوەی ئێستا جیاوازی نمرەی تاکەکان (التباین ) =٢٩.

**خشتەی ژمارە (١٥) ژمارەی برگەکانی جیاوازی و کۆی ( س ×ص) بە هاوکێشەی( (کودر – ریتشاردسۆن) ( KR-20)**

| کۆمەڵە | ك | جیاوازی (التباین) | کۆی ( س ×ص) | هاوکێشەی کودر ریتشاردسون – 20 |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠ | ٥٠ | ٠٢٩ | ٣,٩٠ | ٠٨٧ |

### وێنەی کۆتای تاقیکردنەوە

دوای رێکارە ئامارییەکان کە تایبەت بوو بە برگەکانی تاقیکردنەوەکە، تەنها (٥) برگە لە تاقیکردنەوەی وتاری لادرا، ژمارەی کۆتایی برگەکان بوو بە (٤٥) برگە، (٢٩) برگەی تاقیکردنەوەی بابەتی (١٦) برگەی تاقیکردنەوەی وتاری مایەوە. بۆ پرسیاری هەڵبژاردن بۆ هەربرگەیەک (٤) هەڵبژاردەی هەبوو هەر برگەیەک دەرەجەیەکی لەسەرە بە پرسیارە و وتارییەکانیشەوە.

**ب. تاقیکردنەوەی پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی**

توێژەران پێوەری (الشمري و الكندي، ٢٠٢٢) و( هديل كريم، ٢٠٢٢)و(حلمي الفيل، ٢٠١٨) وەرگرت، چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە، کە بژاردەکانی بریتیین لە هەمیشە (٣)، هەندێکجار (٢)، هەرگیز (١) ئەم پێوەرە لە (٣٢) برگە پێکدێت.

**یەکەم: ڕاستگۆیی وەرگێڕان**

ئەم پێوەرە لەبنەڕەتدا بەزمانی عەرەبی نووسرابوو، بەڵام وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و پاشان کۆپیەک لە وەرگێڕدراوە کوردییەکە درایە شارەزایەکی زمانی (عەرەبی– کوردی ) بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی و پاشان کۆپییەکی پێوەرەکە بەزمانی عەرەبی یەکەم جار و دووەم جار، درایە شارەزایەکی زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی بەراوردی هەردوو وەرگێڕانەکە بکات بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی وەرگێڕانەکە، کە ڕاستگۆیی وەرگێڕانەکە ڕێژەکەی گەیشتە (٩٧٪) پێوەرەکە.

**دووەم: ڕاستگۆیی ڕووکەشی**

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی پێوەر، توێژەران پشتیان بە دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕووکەشی بەست، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران پێوەرەکەیان پێشانی کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزادا، لەڕێگاکانی وانەوتنەوە، پێوانە و هەڵسەنگاندن،زانستە پەروەردەیی و دەرونییەکان بەمەبەستی زانینی ڕاو پێشنیارەکانیان بۆ بڕیاردان لەسەر ئاستی سازانی برگەکانی ڕاپرسییەکە بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی.

**سێیەم: جێگیری پێوەری پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی**

مەبەست لە جێگیری پێوەر ئەوەیە کە تاقیکردنەوەکە، هەمان ئەنجام بدات بەدەستەوە، ئەگەر هاتوو دووبارە کرایەوە لەسەر هەمان نمونە و لەهەمان ژینگەدا (حسانين،٢٠٠٤،١٤٦).

بەمەبەستی زانینی هێزی جێگیری پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی دڵنیابوون لە ڕوونیان و ڕێنمایی وەڵامدانەوەی کاتی پێویست، توێژەران پەنایان بۆ (تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە) برد، ئەم ڕێگەیەش بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵەی پەیوەست بەجێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان بوو، لە دوو تاقیکردنەوەی جیاواز، بۆ زانینی وەڵامی کەسەکان لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا، لە دوو کاتی جیاوازی هەمان هەلومەرجدا، تاقیکردنەوەکە لەسەر (٨٠) قوتابی لە قوتابخانەی (شێخ مەحمودی کوڕان) و (بەڕانەتی کوڕان ) ئەنجامدرا، جیاوازی کات لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم (١٥) ڕۆژ بوو، کە کاتێکی گونجاوە بۆ تاقیکردنەوەکە. دوای ڕاستکردنەوە و تۆمارکردنی پێوەرەکە، توێژەران هاوکۆڵکەی ( ئەلفا کرونباخ – Cronbach Alpha) یان بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی ڕێژەیی جێگیری پێوەر، هاوکێشەی (ئەلفا - کرونباخ) بۆ دەرهێنانی جێگیری پێورەکە، کە گونجاوە بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی پەیژەیین، بەهای هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بۆ ژماردنی پێوەری جێگیری لە وەرگرتنی بڕیار بۆ پێوەری سەرگەردانی عەقڵی کە بریتیبوو لە (٠.٨٨)، ئەم ئەنجامەش جێگیرییەکی بەرز پیشان دەدات، هەروەها جێگیری پێوەرەکە بە ڕێگای (تجزئة نصفية) (٠،٨٦) بۆیە هەموو پێوەرەکە گونجاوە و ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن لەسەر هەردوو گروپ.

**ج. جێبەجێکردنی پێوەری تاقیکردنەوەی کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی**

پاش جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوەکە بۆ زانینی ڕوونی ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوەی قوتابیان و تێگەیشتن لە برگەکانی پێوەرەکە.

توێژەران تاقیکردنەوەی پێشەکی پێوەرەکەیان لە بەرواری (٢٠٢٥/١/٢٨) ئەنجامدا، توێژەران برگەکانی پێوەرەکەیان دابەشکرد بەسەر قوتابیانی توێژینەوەکەی هەردوو گروپی ( ئەزموونی کۆنترۆڵکراو )، هەروەها تاقیکردنەوەی پاشەکی پێوەرەکەیان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/٦) جێبەجێکرد، پاشان توێژەران شیتەڵکردنی ئاماریان بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی ئەنجامدا.

ئامانج لە شیتەڵکردنی ئاماری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پێوەرە دەروونییەکان، بۆ گونجاوی هەر برگەیەک، باشترکردنی لە ڕێگای دۆزینەوەی برگە زۆر لاوازەکان یان زۆر گرانەکان یاخود دوورکەوتنەوەی ئەوانەی

گونجاونین (Scannell، 1975 ، 211 ). توێژەران شـــیتەڵکردنی ئاماریان کرد بەهۆی جیاوازی نموونەی توێژینەوەکە، توێژەران بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونیانکردووەتەوە:

١. ئامانجی هەژمارکردنی هێزی جیاکەرەوەی برگەکان لە پێوەرە دەروونییەکان بریتییە لە دوورکەوتنەوەی برگە لاوازەکان، کە جیاوازی دەکات لەنێوان تاکەکان، مانەوەی برگە بەهێزەکان، کە وردی و جێگیرە (Eble، 1972٣٩٠). بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوەی کەمکردنەوەی سـەرگەردانی عەقڵی توێژەر دوو گرووپی دیاریکرد، گرووپی نزم و بەرز، ئەو کەسانەی کە زۆرترین نمرەیان لەسەر پێوەرەکە وەرگرتووە (لە گرووپی نمرە بەرزەکان ٢٧٪ )، گرووپی دووەمیش بۆ ئەو کەسانەی نزمترین نمرەیان لەسەر پێوەرەکە وەرگرتووە (گرووپی نمرە نزم ٢٧٪ )، واتە ڕێکخستنی هەردوو گروپ لە گرووپی نمرە بەرز بۆ گرووپی نمرە نزم. توێژەران تاقیکردنەوەی تائیان بەکارهێنا بۆ لایەنی ئاماری بۆ هەردوو نموونەی سـەربەخۆی توێژینەوەکە بۆ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بۆ ناوەندەژمێری هەردوو گروپ. بۆ هەر برگەیەک لە برگەکانی پێوەری کەمکردنەوەی سـەرگەردانی عەقڵی نرخی تائی هەژمارکراو ئاماژەیە بۆ هێزی جیاکەرەوەی برگەکە (باهي، ١٩٩٩، ١٥٦). لەم خشـتەی خوارەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەموو برگەکان توانای جیاکارییان هەیە لەنێوان هەردوو گرووپی نمرە بەرز و نزمی قوتابیان کە نرخی خشتەیی (٢، ٠٣) لە ئاستی بەڵگەداری (٠، ٠٥) کە هەموو برگەکان بەڵگەدارن چونکە نرخی تائی برگەکان گەورەترە.

**خشتەی ژمارە (١٦) هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی تاقیکردنەوەی پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی**

| ژ. برگە | کۆمەڵەی بەرز – نزم | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | نرخی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.63 | .49٠ | ٢.٧٨ | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.10 | .65٠ | | | |
| ٢ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.73 | .45٠ | ٣.٨١ | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.94 | .77٠ | | | |
| ٣ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.89 | .31٠ | ٤.٨١ | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.84 | .89٠ | | | |
| ٤ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.78 | .41٠ | ٤.٠١ | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.89 | .87٠ | | | |
| ٥ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.89 | .31٠ | 4.23 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.21 | .63٠ | | | |
| ٦ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.73 | .45٠ | 3.79 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.10 | .56٠ | | | |
| ٧ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.84 | .37٠ | 4.91 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.78 | .85٠ | | | |
| ٨ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.84 | .37٠ | 4.63 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.89 | .80٠ | | | |
| ٩ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.89 | .31٠ | 5.34 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.94 | .70٠ | | | |
| ١٠ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.78 | .53٠ | 3.27 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.10 | .73٠ | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.73 | .45٠ | 3.56 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.05 | .70٠ | | | |
| ١٢ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.84 | .37٠ | 4.88 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.94 | .70٠ | | | |
| ١٣ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.94 | .22٠ | 7.02 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.68 | .74٠ | | | |
| ١٤ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.84 | .37٠ | 4.33 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.89 | .87٠ | | | |
| ١٥ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.94 | .22٠ | 5.56 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.84 | .83٠ | | | |
| ١٦ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.84 | .50٠ | 5.07 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.73 | .80٠ | | | |
| ١٧ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.73 | .56٠ | 4.88 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.78 | .63٠ | | | |
| ١٨ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.78 | .41٠ | 3.51 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.10 | .73٠ | | | |
| ١٩ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.84 | .37٠ | 5.84 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.73 | .73٠ | | | |
| ٢٠ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.78 | .41٠ | 3.51 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.10 | .73٠ | | | |
| ٢١ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.94 | .22٠ | 5.36 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.94 | .77٠ | | | |
| ٢٢ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.94 | .22٠ | 4.36 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.10 | .80٠ | | | |
| ٢٣ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.94 | .22٠ | 4.86 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.00 | .81٠ | | | |
| ٢٤ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.89 | .31٠ | 5.68 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.78 | .78٠ | | | |
| ٢٥ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.68 | .47٠ | 2.87 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 2.10 | .73٠ | | | |
| ٢٦ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.94 | .22٠ | 6.03 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.84 | .76٠ | | | |
| ٢٧ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.78 | .53٠ | 4.88 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.78 | .71٠ | | | |
| ٢٨ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.89 | .45٠ | 7.13 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.63 | .59٠ | | | |
| ٢٩ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.78 | .53٠ | 3.88 | ٢٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.94 | .77٠ | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.78 | .53٠ | 5.23 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.68 | .74٠ | | | |
| ٣١ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.57 | .60٠ | 3.50 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.84 | .68٠ | | | |
| ٣٢ | کۆمەڵەی بەرز | ١٩ | 2.47 | .61٠ | 3.86 | ٢.٠٣ | بەڵگەدارە |
| | کۆمەڵەی نزم | ١٩ | 1.73 | .56٠ | | | |
| | کۆمەڵەی نزم | ٣٤ | 2.63 | .49٠ | | | |

**٢.** پەیوەندی نمرەی گشتی بەنمرەی هەر برگەیەک لە برگەکانی تاقیکردنەوەی کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی: دەرهێنانی هاوکۆلکەی راستی برگەی ئەزموونی بۆ پێوەرە دەروونییەکان لە دەرهێنانی پەیوەندییەکانیانەوە دەرهێنراوە بەسەنگی دەرەوە و ناوەوە (محك الخارجي والداخلي)، بەگرنگتر دادەنرێت لە راستی لۆژیکی بەهۆی ئەوەی راستی ئەنجامەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونی شارەزایان، کە کاریگەری هەیە لەسەر ئەنجامەکان و جێگیرییەکەی (العجيلي والطريحي،٢٠٠١،٧٤). توێژەران بۆ دڵنیابوونەوە لەراستی برگەکانی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکەیان بڕیاریاندا نمرەی گشتی پێوەرەکە وەک سەنگی ناوەوە وەربگرێت. ئەمەش لە رێگای دەرهێنانی راستی برگەکانی پێوەرەکە لە حاڵەتێک ئەگەر هاتوو سەنگی دەرەکی نەبێت (ملحم،٢٠٠٢، ٢٧٨). دوای دەرهێنانی ئەنجام دەرکەوت هەموو برگەکان لە رووی ئامارییەوە بەڵگەدارن.

**خشتەی ژمارە (١٧) هاوکۆلکەی پەیوەست بوون لەنێوان هەر برگەیەک لەبرگەکانی پێوەر و نمرەی گشتی**

| برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | ئاستی بەڵگەداری | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | . 326 | ٠،٠١ | 17 | ,596 | ٠،٠١ |
| ٢ | .242 | ٠،٠١ | 18 | .319 | ٠،٠١ |
| ٣ | .419 | ٠،٠١ | 19 | ,372 | ٠،٠١ |
| ٤ | .336 | ٠،٠١ | 20 | .484 | ٠،٠١ |
| ٥ | .511 | ٠،٠١ | 21 | .393 | ٠،٠١ |
| ٦ | .368 | ٠،٠١ | 22 | .338 | ٠،٠١ |
| 7 | .328 | ٠،٠١ | 23 | .422 | ٠،٠١ |
| 8 | .447 | ٠،٠١ | 24 | .201 | ٠،٠١ |
| 9 | .530 | ٠،٠١ | 25 | .440 | ٠،٠١ |
| 10 | .391 | ٠،٠١ | 26 | .530 | ٠،٠١ |
| 11 | 540 | ٠،٠١ | 27 | .385 | ٠،٠١ |
| 12 | .413 | ٠،٠١ | 28 | .511 | ٠،٠١ |
| 13 | ,337 | ٠،٠١ | 29 | .210 | ٠،٠١ |
| 14 | .363 | ٠،٠١ | 30 | .٤٧٣ | ٠،٠١ |
| 15 | ,411 | ٠،٠١ | 31 | .٤٥٣ | ٠،٠١ |
| 16 | .522 | ٠،٠١ | ٣٢ | .368 | ٠،٠١ |

**بەڵگەداری ئامارییە لە ئاستی (٠،٠١) *بەڵگەداری ئامارییە لە ئاستی (٠،٠٥)

**د.ڕاستکردنەوەی ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

**١. ڕاستکردنەوەی پێوەری کەمکردنەوەی پێوەری سەرگەردانی عەقڵی**

توێژەران هەستان بە ئامادەکردنی پرسیارنامەیەک بۆ پێوانەکردنی سەرگەردانی عەقڵی هەر بڕگەیەکیش (٣) جێگرەوەی هەیە وەک (هەمیشە، هەندێکجار، هەرگیز) بۆ هەریەک لە بڕگەکانیش نمرە داندراوە (١،٢،٣)، بۆیە توێژەران هەڵسان بەهەڵەچنی کردنی وەڵامەکانی قوتابیان بەپێدانی (١) نمرە بۆ وەڵامی ڕاستی هەر بڕگەیەک و (سفر) بۆ وەڵامی هەڵەی هەر بڕگەیەک، بە پشت بەستن بە کلیلی وەڵامی نمونەیی، نمرەی قوتابییەکانیش لەنێوان (٢٨ – ٣٢)، ئەم پێوەرە لە (٣٢) بڕگە پێکدێت لەسەرەتادا لە (٣٤) بڕگە پێکهاتبوو پاش بینینی شارازاییان بە ڕێنماییەکانی ئەوان لە (٣٤) بڕگەوە کەمکرایەوە بۆ (٣٢) بڕگە، چونکە (٢) بڕگە لەبڕگەکان زیاتر لە دوو بیرۆکە پێکهاتبوو، بۆیە توێژەران بڕیاریاندا بەچاککردنی بڕگەکان و کەمکردنی دوو بڕگەی تر.

**٢. ڕاستکردنەوەی بڕگەکانی دەستکەوت**

توێژەران دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت ئەم هەنگاوانەیان پەیڕەوکرد لە کاتی ڕاستکردنەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:

– دانانی وەڵامێکی نموونەیی (کلیلی ڕاستکردنەوە ) بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

– چاوپۆشیکردنی مامۆستا لە هەڵەی ئیملایی قوتابی و گرنگی نەدان بەجوان نووسی.

– هەڵەچنینی پرسیاری یەکەمی هەموو قوتابیەکان پاشان هەڵەچنێ کردن لە پرسیارەکانی تر.

– توێژەران ناوی هەموو قوتابییەکانیان نوشتانەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی.

سەبارەت بەڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوەکە لەسەر (٤٥) نمرە ئەنجامدرابوو بەشێوەیەک بوو بۆ هەر پرسیارێک (١) نمرەی لەسەر بوو، پرسیارەکان بەشێوەی هەڵبژاردن و وتاری، بەڵام توێژەران تاقیکردنەوەکەیان خستە سەر(٢٠) نمرە، لەبەر مامۆستای بابەت و ئیدارەی قوتابخانە.

**هەشتەم: ئامرازە ئامارییەکان**

توێژەران ئەنجامی توێژینەوەکەیان شیکردەوە بەبەکارهێنانی بەرنامەی جانتای ئاماری (SPSS، Excel ) بەم شێوازە ئاماریانەی خوارەوە:

١. تاقیکردنەوەی تائی (t.test) تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ

٢. تاقیکردنەوەی تائي بۆ دوو نموونەی پەیوەست بەیەکتر

٣. کای دووجا (مربع كا٢):  Chi Squear ($x^2$)

٤. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن

٥. هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ

٦. هاوکۆلکەی دووجای ئیتا

٧. هاوکۆلکەی کوهین بۆ هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری d :

٨. هاوکۆلکەی گرانی بڕگەکان بۆ دەرهێنانی ئاستی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی قوتابیان.

**چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

**گریمانەی یەکەم:**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی بۆ ئەوانەی بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ( بۆشایی زانیارییەکان) خوێندوویانە،وە ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە ڕێگای ئاسایی خوێندوویانە لە تاقیکرنەوەی دەستکەوتی خوێندن و بۆ تاقیکردنەوەکانی پاشەکی لە خوێندنی بابەتی مێژوودا.

بۆ سەلماندنی دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری نمرەی دەستکەوتی قوتابیانی هەردوو

گرووپی توێژینەوەی لە بابەتی مێژووی شـــارســـتانییەکان دەرهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندەژمێرەی هەردوو گرووپەکە، بەمەبەستی زانینی ئاماژەی ئاماری ئەم جیاوازییە، توێژەران تاقیکردنەوەی تایی (t.test) بۆ هەردوو نموونەی ســـەربەخۆی ژمارە یەکســـان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای دەرهێنراو کە (٥.٤٨) زیاترە لە بەهای خشتەیی کە (٢.٠١٠) لە ڕێژەی هەڵە لەئاستی (٠.٠٥) و نمرەی ئازاد (٤١)؛ بۆیە واتادارە. لە خشتەی ژمارە (١٨) دیارە.

**خشتەی ژمارە (١٨) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی**
**نێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی دەستکەوتی قوتابیانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) ئەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەلگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری | ٢٢ | ٣٩.٦٣ | ٥.٩١ | ٥.٤٨ | ٢.٠١٠ | ٤١ | واتا دارە |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | ٣٠.٨٥ | ٤.٤٤ | | | | |

لە ئەنجامدا دەرکەوت واتاداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی و ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدا، واتە ســـتراتیژیەتی (بۆشـــایی زانیاری) کارلێکی گەورە و کارای هەبوو لە بەرزکردنەوەی دەســـتکەوتی زانیاری قوتابیان لە بابەتی مێژووی شـــارســـتانییەکان بەبەراورد بە ڕێگای ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوە گریمانەی جێگرەوە / بەدیل پەسەند دەکرێت.

**گریمانەی دووەم:**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی، بۆ ئەوانەی بە بەکارهێنانی ســـتراتیژیەتی (بۆشـــایی زانیاریی) خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەکانی پێشـــەکی و پاشـــەکی لە کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی، لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

بۆ ســـەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندەژمێرەی پێوەری کەمکردنەوەی ســـەرگەردانی عەقڵی بۆ قوتابیانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشـەکی و پاشـەکی دەرهێنا، ناوەند ژمێرەی تاقیکردنەوەی پێشـەکی (٦٥ .٥٧)، ناوەندەژمێرەی تاقیکردنەوەی پاشـــەکی (٧٨ .٣٦) لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (t.test) بۆ هەردوو تاقیکردنەوەکە، جیاوازی لەنێوان ناوەندەژمێرەی ئاماری هەردوو گرووپەکە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونییە. هەروەک لەخشتەی ژمارە (١٩) دیارە.

**خشتەی ژمارە (١٩) جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی تایی لەنێوان ناوەندەژمێرەیی**
**تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گرووپی ئەزموونی لە پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی**

| گروپ | ژمارەی نموونە | تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) ئەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەلگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ٢٢ | پێشەکی | ٦٥ .٥٧ | ٦.٧٦ | ٨.٤٦ | ٢.٠٨٠ | ٢١ | واتا دارە |
| | | پاشەکی | ٧٨ .٣٦ | 4.99 | | | | |

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی واتاداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشـــەکی و پاشـــەکی و بۆ پێوەری کەمکردنەوەی ســـەرگەدانی عەقڵی، چونکە بەهای دەرهێنراو (٨.٤٦) گەورەترە لەبەهای گریمانەکراو (٢.٠٨٠) لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (٠.٠٥) بەنمرەی ئازاد (٢١) ئەمەش واتای ئەوەیە واتادارە

لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشـەکی، واتە سـتراتیژیەتی (بۆشـایی زانیاریی) کاریگەری هەیە لەسـەر کەمکردنەوەی سـەرگەردانی عەقڵی لە تاقیکردنەوەی پاشـەکی لای قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە بابەتی مێژووی شـارسـتانییەکان. کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامە گریمانەی (سفری) کە توێژەر دایناوبوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بدیل) پەسەند دەکرێت.

بۆ وەڵامدانەوەی کارتێکەری قەبارەی کاریگەری وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی سـتراتیژیەتی (بۆشـایی زانیاریی)، توێژەران هەڵسـان بە هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری وەکو لە خشـتەی ژمارە (٢٠) لە ڕێگەی هەژمارکردنی هاوکێشـەی تیتای دووجا بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ کە ئەویش ستراتیژیەتی (بۆشایی زانیارییە) و گۆڕاوی پاشکۆ دەستکەوتی خوێندن، پاشان هەژمارکردنی نرخی (d) کە بریتیە لە قەبارەی کاریگەری.

دەتوانین نرخی (d)دەربهێنین پاش هەژمارکردنی تاقیکردنەوەی تایی (t.test) بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$d=\frac{.t^2}{\sqrt{d.f}}$$

پاش دەرهێنانی نرخی (d) پاشان هەژمارکردنی نرخی (η٢) کە بریتیە لە قەبارەی کاریگەری بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$\eta٢=\frac{.t^2}{.t^2+d.f}$$

**خشتەی ژمارە (٢٠) ڕوونکردنەوەی دیاریکردنی ئاستی قەبارەی کاریگەریەکە**

| ئامرازە بەکارهاتووەکان | قەبارەی کاریگەریی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووک | ناوەند | گەورە | زۆر گەورە |
| | ٠.٠١ | ٠.٠٦ | ٠.١٤ | ٠.٢ |
| D | ٠.٢ | ٠.٥ | ٠.٨ | ٠.١ |

**گریمانەی سێیەم:**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاسـتی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە بەکارهێنانی ڕێگای ئاسایی خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەی پێشـەکی و پاشـەکی لە کەمکردنەوەی سـەرگەردانی عەقڵی بابەتی مێژوو. بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندەژمێرەی پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی بۆ قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشـەکی و پاشـەکی دەرهێنا، ناوەندەژمێرەی تاقیکردنەوەی پێشـەکی (٦٧.٦٦) ناوەندەژمێرەی تاقیکردنەوەی پاشـەکی (٦٩.٥٧) لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ هەردوو تاقیکردنەوەکە. هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢١) دیارە.

**خشتەی (٢١) جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی تایی لەنێوان ناوەندەژمێرەیی**
**تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گروپی کۆنترۆڵکراو لە پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی**

| گروپ | ژمارەی نموونە | تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەلگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| کۆنترۆلکراو | 21 | پێشەکی | 67.66 | 4.07 | 1.67 | 2.086 | 20 | واتا دارە نییە |
| | | پاشەکی | 69.57 | 4.11 | | | | |

لە ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی واتاداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندژمێرەی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە

تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی چونکە بەهای دەرهێنراو (١.٦٧) بچوکترە لە بەهای گریمانەکراوە (٢.٠٨٦) لە رێژەی هەڵە لە ئاستی (٠.٠٥) بەنمرەی ئازاد (٢٠) ئەمەش واتای ئەوەیە واتادار نییە، لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، واتە رێگای ئاسایی وانەوتنەوە کاریگەری نییە لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە بابەتی مێژووی شارستانییەکان. کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامە گریمانەی (سفری) کە توێژەران دایاننابوو پەسەند دەکرێت.

**گریمانەی چوارەم:**

نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندەژمێرەی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە ئەوانەی بەبەکارهێنانی ستراتیژیەتی (بۆشایی زانیاری) خوێندوویانە و ناوەندەژمێرەی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی بە رێگای ئاسایی خوێندوویانە لە تاقیکردنەوکانی پاشەکی سەرگەردانی عەقڵی لە بابەتی مێژووی شارستانییەکان. بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەران ناوەندەژمێرەی پێوەری سەرگەردانی عەقڵیان بۆ قوتابیانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی دەرهێنا، ناوەندەژمێرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی ئەزموونی (٧٨.٣٦) ناوندەژمێرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو (٦٩.٥٧) بە مەبەستی زانینی ئاماژەی ئاماری ئەم جیاوازییە، توێژەران تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای دەرهێنراو (٦.٢٨) گەورەترە لەبەهای گریمانەکراو (٢.٠١٠) ئەمەش واتای ئەوەیە واتادارە لە بەرژەوندی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی، واتە ستراتیژییەتی بۆشایی زانیاریی کاریگەی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی بۆ خوێندنی بابەتی مێژوو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لای قوتابیانی گروپی ئەزموونی. هەروەک لەخشتەی ژمارە (٢٢) دیارە.

**خشتەی ژمارە ٢٢ ئەنجامەکانی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی ە نێوان ناوەندەژمێرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی هەردوو گروپ لە پێوەری سەرگەردانی عەقڵی**

| گروپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونگەری | ٢٢ | 78.36 | 4.99 | 6.28 | ٢.٠١٠ | ٤١ | واتا دارە |
| کۆنترۆلکراو | ٢١ | 69.57 | 4.11 | | | | |

**دووەم: گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکان**

بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەستکەوتی قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە مێژووی شارستانییەت ستراتیژی بۆشایی زانیاری یەکێکە لە ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوەیە بۆتە هۆی کارلێکی قوتابیان لەگەڵ بابەتەکەوە ئارەزووی چالاکیان هەبوو لەناو پۆلدا بۆ کرداری فێربوون هەر ئەمەش بۆیە هۆی بەرزبوونەوەی دەستکەوتی خوێندن.

رێگای وانەوتنەوەی ئاسایی کەشێکی نالەبار و بێزارکەر لە پۆلدا دروست دەکات لە بابەتی مێژوودا مامۆستا تەوەری سەرەکی پرۆسەی پەروەردەیە لێرەدا قوتابی تەنها رۆڵی وەرگرە و بەخشەر نییە، ئەم رێگایە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر دەستکەوتی قوتابیان و تاقیکردنەوەی پێوەری سەرگەردانی عەقڵی لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو.

بەرزی دەستکەوتی قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە بابەتی مێژوودا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ستراتیژە نوێیە و نامۆیە بە قوتابی، بۆیە کارلێکیان لەگەڵدا کردووە چالاکیان لە پۆلدا زیادی کردبوو بە بەراوورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێوەری کەمکردنەوەی سەرگەردانی عەقڵی.

**سێیەم: دەرئەنجامەکان**

توێژەران لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی ک توێژینەوەکانی ئێستا بەرهەمیان هێناوە بەم ئەنجامانە گەیشتوون: لەبەر ڕۆشنایی ئەو توانایانەی کە لە قوتابخانەکان بەردەستن، ستراتیژەکە دەتوانرێت لەلایەن مامۆستایانەوە جێبەجێبکرێت.

کارلێکی قوتابیان لەگەڵ ستراتیژە مۆدێرنەکان و گۆڕانکارییەکی بەرچاوی ئامانجە ڕەفتارییەکان. قوتابیان پێویستیان بە ستراتیژی وانەوتنەوەی هاوچەرخ و هەمەچەشن هەیە لەنێوان قوتابیانی ئامادەیی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان**

توێژەران لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی کە پێیگەیشتوون چەند ڕاسپاردەیەک دەخەنە ڕوو:

کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بۆ مامۆستایان بەمەبەستی ناساندنیان بە ستراتیژیەتی (بۆشایی زانیارییەکان) بە بەکارهێنانی لە وتنەوەی وانەی بابەتی مێژوو.

سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و زانستی مامۆستایانی بابەتی مێژوو هانبدەن بۆ بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتانەی کە قوتابیان دەکاتە تەوەری سەرەکی فێربوون کە ستراتیژیەتی (بۆشایی زانیاریی) یەکێکە لەو ستراتیژیەتانە.

**پێنجەم: پێشنیارەکان**

ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی ئەم ستراتیژیەتە لە قوناغە جیاوازەکانی خوێندن بەتایبەتی لەزانکۆ و پەیمانگاکان.

ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی تر وەکو: (گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، فێربوونی کاریگەر ... هتد).

ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە لەسەر بابەتە جیاوازەکانی تری خوێندن.

ئەنجامدانی توێژینەوەی باسکردن (وصفی) دەربارەی گرینگی ئەم ستراتیژیەتە و چۆنییەتی پلانی وانەوتنەوە بەپێی ئەم ستراتیژیەتە لە بابەتی مێژوو.

## سەرچاوەکان


–أبو حويج،سمير و أخرون (٢٠٠٠) القياس و التقويم في التربية و العلم النفس، دار العلمية الدولية و الثقافية، عمان.

– العزاوى، محمد عدنان محمد (٢٠١٢)، أداء مدرسي التاريخ للمرحلة الاعادية في ضوء مهارات التفكير التاريخي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعه ديالى.

– الفتلاوى، سهيله محسين كاظم، (٢٠٠٦)،المناهج التعليمى والتدريس الفعال، ط١، دار الشرق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

–القحطاني و الحارثي، سمية حامد،ماجد بن عبدللة (2022). أثر استراتيجية التعلم الالكتروني القائم على المشاريع فى خفض التجول العقلي لدى طالبات الصف الثالث المتوسط بجدة، مجلة العلوم التربوية و النفسية، المجلد (6)، العدد (59).

–القرشى اعتماد محمد،(٢٠٠٤)،آثر استخدام طريقه التعليم المبرمج على التحصيل والاتجاه نحوالرياضيات لدى تلميذات الصف الاول بمكه المكرمه، رساله ماجستير غير منشوره، كليه التربيه، جامحه ام القرى، مكه المكرمه.

–المشهداني، وسام توفيق لطيف (2020): التجول العقلي وعلاقته بالاستثارة العقلية الفائقة لدى طلبة الجامعة، مجلة دراسات تربوية، العدد (55).

–الهادي، نبيل السيد (٢٠٢٠) اثر برنامج تعليمي قائم علي بعض مهارات التفكير الونضومي في تنمية الكفاءة التدريس المدركة و خفض التجوا العقلي لدي طلبة كلية التربية – جامعة الملك خالد، المملكة العربية السعودية.

–امبوسعيدى و الحوسنية، عبدالله بن خميس، هدى بنت على (٢٠١٦)، استراتيجية مع الامثلة التطبيقية، دار المسيرة النشر و التوزيع و الطباعة، الاردن.

–أمين، شنو دەرویش محمد (٢٠١٦)، اثر أستراجية (ماذا...لو؟) في اكتساب المفاهيم التاريخية وتنمية المهارات التفكير الابداعي لدي طالبات الصف السابع الاساسي،، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية – كلية التربية الاساسية.

–أحمد، محمد عبدالسلام (١٩٦٠)، القياس النفسي والتربوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

–الباوي و الشمري، ماجدة ابراهيم، حسن الشمري (٢٠١٦). نماذج استراتيجيات حديثة في التدريس و التقويم، دار الكتب والوثائق، بغداد.

–الخفاجي، محمد إبراهيم مهدي (٢٠٢٤) إثر استراتيجية فجوة المعمومات في الفهم العميق لدى طالب الصف الاول المتوسط في مادة الرياضيات، مجلة الباحث، المجلد (٤٣)، العدد (٤).

–السنبل، عبدالعزيز عبدالله (٢٠٠٢)، التربية فى الوطن العربى على مشارف القرن الحادى والعشرين، المكتب الحديث، الاسكندرية، مصر.

–الشمرى، ماشى بن محمد (٢٠١١)، ١٠١ استراتيجية فى التعليم النشط، مطابع وزارة التربية و التعليم، المملكة العربية السعودية.

–الصافي، ندي بدر حسين (٢٠١٦) اثر استراجية فجوة المعلومات في تحصيل تلميدات الصف الخامس الابتدائي ودافعيتهن نحو مادة العلوم (رسالة ماجستير غير منشرة) كلية التربية، جامعة واسط.

–الضامن، منذر عبدالحميد، (٢٠٠٧) أساسيات البحث العلمي، ط١٠، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان – الاردن.

–العبيدي، وجدان جاسم محمد سعيد (٢٠١٨)، أثر استراتيجية فجوة المعلومات في اكتساب المفاهيم التاريخية في مادة التاريخ لدى طلبة الصف الاول المتوسط، مركز بحوث النفسية، العدد (٢٨).

–باهي، مصطفى حسين (١٩٩٩)، الاحصاء التطبيقي في مجال البحوث التربية والنفسية والاجتماعية والرياضية،مركز الكتاب للنشر، مصر.

–بهنساوى، احمد (٢٠٢٠) برنامج تدريبى قائم على اليقظة العقلية لتنمية الظبط الذاتى واثره فى خفظ التجول العقلى لدى طلاب الجامعة، مجلة البحث العلمى فى التربية.

–حسانين، محمد صبحي (٢٠٠٤)، القياس و التقويم في التربية البدنية و الريلضة، ط٤، دارالفكر العربي، القاهرة – مصر.

–حسين، نهي هادي (٢٠١٩) اثر استراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل تلميذات الصف الخامس الابتدائي في مادة قواعد اللغة العربية (رسالة ماجستير غير منشورة)، كلية التربية الاساسية، جامعة ديالي.

–دباغ، فخري واخرون (١٩٨٣)، اختبار رافن للمصفوفات المتتابعة المقننة للعراقيين، مطبعة جامعة موصل، موصل.

–دويدي، رجاء وحيد (٢٠٠٢)،البحث العلمي اسياسياته النظرية وممارسته العلمية، المطبعة العلمية، دار الفكر، ديمشق، سوريا

–رمزية الغريب (١٩٩٦) القياس و التقويم في التربية و العلم النفس، دار المصيرة عمان.

–سبع، طارق فاظل (٢٠٢٠) اثر استراتيجية فجوة المعلومات فى تحصيل طلاب الصف الخامس الادبي فى مادة القران الكريم والتربية وتنمية دافعهم المعريفي، جامعة التكريت، (رسالة ماجستير غير منشورة) كلية التربية العلوم الانسانية.

–عبدالحافظ، ثناء عبدالودود (٢٠١٦) الانتباه التنفيذي والوظيفة التنفيذية، دار من المحيط الى الخليج للنشر و التوزيع. ط١، عمان.

–عبدالدايم، عبدالله (١٩٨١)، التربية التجربية والبحث التربوي، ط٤، دارالعلم للملايين، بيروت.

–عبدالرحمن، سعد (٢٠٠٨) القياي النفسي النضرية و التطبيق، ط٥، هبة النيل العربية للنشر و التوزيع، جامعة عين شمس، مصر.

–عبدالرزاق، ماجد لطيف (٢٠٢٢) أثر إستراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل البلاغة والتطبيق والاحتفاظ به لدى طلاب الخامس الأدبي، الانبار، مجلة ديالة للبحوث الانسانية، المجلد (1)

–عثمان، شهدان محمد (2024) التجول العقلي كمتغير وسيط بين الوعي ما وراء المعرفي والتوجه نحو الهدف لدى عينة من طلبة الصف الأول الثانوي، المجلة العلمية لكلية التربية – جامعة اسيوط، المجلد (٤٠)، العدد (٢).

–عجيلي، صباح حسين وأخرون (٢٠٠١)، مبادئ القياس والتقويم التربوي، المكتبة الوطنية، بغداد.

–عطية، محسن علي (٢٠١٨) التعلم النشط استراتيجيات واساليب حديثة في التدريس،دار الشروق للنشر و التوزيع، الاردن

–علام، صلاح الدين محمود (٢٠٠٠)، القياس والتقويم التربوي والنفسي اساسياته و تطبيقات وتوجهاته المعاصرة، دارالفكر العربى، ط١، القاهرة،مصر .

–كبيسي، عبدالواحد حميد (٢٠٠٩) اساليب التعليم ومهاراته في ضوء القرأن الكريم ومهاراته في ضوء القران الكريم والسنة النبوية الشريفة، دار جرير، عمان، الأردن.

–كوافحة، يسير مفلح (٢٠٠٤)،علم النفس التربوي وتطبيقاته في مجال التربية الخاصة، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة،عمان، الأردن.

–كريم، ياسمين علوان (2021): التجول العقلي وعلاقته بالسيطرة الانتباهية لدى طلبة الجامعة، مجلة البحوث التربوية والنفسية، المجلد (١٨)، العدد (٧٠).

–فيل، حلمي محمد (٢٠١٨)، برنامج مقترح لتوضيف أنموذج التعلم القائم في التدرس و تاثيرة في تنمية مستويات عمق المعرفة وخفض التجول العقلي لدي طلاب كلية التربية النوعية بجامعة الاسكندرية، مجلة كلية التربية (٣٣) العدد (٢).

–ماهر، اسماعيل صبرى (٢٠١٦)، مهارات التدريس من النضري الي التطبيق، سلسلة الكتاب الجامعي.

–محمد، ربيع وعامر، طارق عبدالرؤوف (٢٠٠٨). الانضباط التعاوني، الطبعة العربية، دار البازوري العلمية النشر و التوزيع،الاردن.

–محمد و محمد، انوار عباس (2023) اثر استراتيجية فجوة المعلومات في تحصيل مادة كيمياء عند طلاب صف الثاني متوسط، مجلة نسق، مجلد (38)، العدد (3).

–محمد، خلف الله حلمي (٢٠٢٠) فعالية مدخل التعليم العميق في تنمية التفكير السابر و الرياظية وخفظ التجول العقلي لدي طلاب المرحلة الثانوية – الجمعية المصرية.

–ملحم، سامي محمد (٢٠٠٢)، القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، ط٢، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.

–مهدي، هاجر عبدالدايم (٢٠٢٤): أثر باستراتيجية فجوة المعلومات في اكتساب المفاهيم التاريخية وتنمية التفضيل المعرفي لدى طالبات الصف الرابع الادبي، كلية التربية الاساسية، جامعة ديالي.،

–نجار، نبيل جمعة صالح (٢٠٠٧)، الاحصاء في التربية والعلوم الانسانية مع تطبيق برمجة SPSS، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان الأردن.

–قادر، ڕەمەزان حمەدەمین (٢٠١٨) ڕێگاکانی وانەوتنەوە ((شێوازە تیۆری و پراکتیکیەکان ))،چاپخانەی سۆفیا، چاپی دووەم، کۆیە

–قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٨)،پێوانەوهەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردەو دەروونزانی، چاپخانەی زبانی صلح، تەهران، ئێران.

- Bloom ‹B.S Madaus ‹ f Hasting J.T. (1971) Handbook on formative.
- Brown (2001) principles of language leaming and teaching ‹San Francisco ‹ Addiso Wesley longman.
Jones – peter ‹ w. (1995) ‹ grammer games and actives for teachers (London ‹pengnin books).-
-RAHMAYANTI. (2018). Applying Information gap technique to Improve Students Cabulary in writing. Master degree.
-Saidi ‹ A ‹Khamis ‹ and AI – Hosnaya H. A (2016). Active learning strategies ‹strategy with Applied Examples ‹ Dar AI – Masirah ‹ Amman.

# أثر استراتيجية فجوة المعلومات على تخفيض التجول العقلي وتنمية التحصيل الدراسي في مادة التأريخ لدي الطلبة المرحلة الاعدادية

**روندك جمال عزيز**
قسم العلوم الإجتماعيات، كلية التربية الأساسية،
جامعة صلاح الدين-أربيل، أقليم كوردستان،العراق
vtvtbyy٠٣@gmail.com

**عثمان عبدالله حمەأمين**
قسم العلوم الإجتماعيات، كلية التربية الأساسية،
جامعة صلاح الدين-أربيل، أقليم كوردستان،العراق
osman.hamdamin@su.edu.krd

## الملخص

هدفت الدراسة إلى معرفة أثر استخدام استراتيجية فجوة المعلومات على تخفيض التجول العقلي وتنمية التحصيل الدراسي لدي طلاب المرحلة الإعدادية. بعد استطلاع عدد من المدارس، وجد الباحثان أن الطلاب يعانون من تحصيل أكاديمي منخفض، وأن معلمي التاريخ يعتمدون على طرق التدريس التقليدية دون استخدام استراتيجيات التدريس الحديثة. هذا يعني أن هناك حاجة إلى تدخل لتعزيز أساليب التدريس في مادة التاريخ وتحسين المستوى الأكاديمي للطلاب. استخدمت الدراسة تصميمًا تجريبيًا قائمًا على الضبط الجزئي لمجموعتي التكافؤ مع الاختبار البعدي. تم اختيار عينة الدراسة بطريقة عشوائية. المجموعة (أ) هي المجموعة التجريبية التي درست التاريخ باستخدام استراتيجية فجوة المعلومات، بينما المجموعة (ب) هي المجموعة الضابطة التي درست بالطريقة التقليدية. استخدم الباحثان اختبار كاي² (Chi-square test) واختبار (t-test) لمعالجة أدوات الدراسة المتعلقة على تخفيض التجول العقلي والتحصيل. أظهرت النتائج وجود فروق ذات دلالة إحصائية في متوسط درجات طلاب مجموعتي البحث في متغيرين: تخفيض التجول العقلي وتنمية التحصيل الدراسي، ولصالح المجموعة التجريبية التي درست باستراتيجية فجوة المعلومات. وقد خلصت الدراسة إلى عدد من التوصيات ذات الصلة.

**الكلمات المفتاحية:** استراتيجية فجوة المعلومات، التجول العقلي، التحصيل الدراسي، المرحلة الاعدادية

# The Effect of The Knowledge Gap Strategy on Reducing Mental Wandering and Developing Academic Achievement in History Among High School Students.

**Rondk Jamal Azeez**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
vtvtbyy٠٣@gmail.com

**Othman Abdullah Hama-Ameen**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
osman.hamdamin@su.edu.krd

## Abstract

The study aimed to investigate the effect of using the Knowledge gap Strategy on reducing mental wandering and developing academic achievement in history among high school students. After surveying several schools, the researchers found that students were suffering from low academic achievement ،and history teachers relied on traditional teaching methods without using modern teaching strategies. This indicates a need for intervention to enhance teaching methods in history and improve students' academic levels. The study employed an experimental design based on partial control of two equivalent groups with a post-test. The study sample was selected randomly. Group (A) is the experimental group that studied history using the Knowledge gap strategy, while group (B) is the control group that studied using the traditional method. The researchers used the Chi-square test and t-test to analyze the study tools related to on reducing mental wandering and academic achievement. The results showed statistically significant differences in the average scores of students in the two research groups in two variables: on reducing mental wandering and academic achievement ،in favor of the experimental group that studied using the Knowledge gap strategy. The study concluded with several relevant recommendations.

**Keyword**: Information gap strategy, mental wandering, academic achievement, preparatory stage.